تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5899) ساڵی شەشەم 24ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەرپرسێکی پارتی: دەبێ بەرەنگاری پیلانی سڕینەوەی کورد لە مووسڵ ببینەوە

سەرەڕای ڕزگارکردنی شاری مووسڵ لە دەست تیرۆریستانی داعش، بەڵام کوردانی دانیشتووی ئەو پارێزگایە ئامادەی گەڕانەوە نین، بەرپرسێکی پارتیش دەڵێ، هەندێ لایەن بە پیلان کار بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە مووسڵ دەکەن. عەلی خەلیل، بەرپرسی لقی چوارەی پارتی لە مووسڵ، بە مانّیفەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەر لە کۆنەوە کورد لە سەنتەری شاری مووسڵ نیشتەجێ بووە و ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی مووسڵی پێکدەهێنا، بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی کورد لەنێو سەنتەری شاری مووسڵ لە 2٪ تێپەڕ ناکات، ئەوەش بۆ دژایەتیکردنی کورد دەگەڕێتەوە لە مووسڵ. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەیاد عەلاوی بۆ «خەبات»: شوورەییە ئەم هەموو ناکۆکییە لەپێناو سەرۆک وەزیرانێکی کاتیدا

د.ئەیاد عەلاوی سەرەک وەزیرانی پێشووتری عێراق ڕەخنەی توند لە سیاسی و حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای عێراق دەگرێ و دەڵێ شوورەییە ئەم هەموو ناکۆکییە لەسەر دەسەڵات و دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تا داوای کەسێکیان بۆ دروستکردنی کابینەیەکی کاتی حکوومەتی عێراقی لێ بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**





لەبەر سەرقاڵبوون بە پرۆژەیاسای چاکسازی

پەرلەمان پشووەکانی زستانەی کەم دەکاتەوە

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان حەوت ڕۆژی دیکە پشووی زستانەی پەرلەمان دەست پێدەکات و تا مانگی سێ بەردەوام دەبێت، بەڵام پەرلەمان لەبەر سەرقاڵبوون بە پرۆژە یاسای چاکسازی، پشووەکانی زستانەی کەم دەکاتەوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان یان 25 پەرلەمانتار، کاتێک پرۆژەیەکی گرنگیان لابێت، داوا دەکەن و پەرلەمانیش پشووەکانی کەم دەکاتەوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان دەتوانێت 15 تا 30 ڕۆژ پشووەکەی کەم بکاتەوە. بڕیاریشە ئەمڕۆ سێشەمە 2019/12/24 پەرلەمانی کوردستان بە دەنگدان پشووەکەی کە دوو مانگە کورت بکاتەوە، بەڵام دیار نییە چەند ڕۆژ کەمی دەکاتەوە.

سەرکۆماری عێراق نیازی دەستلەکارکێشانەوەی هەیە

سەرچاوەیەک لە نووسینگەی سەرکۆماری عێراق ڕایگەیاند کە بەرهەم ئەحمەد سالح نیازی هەیە بەهۆی گوشاری لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران بۆ پەسەندکردنی کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی پێشکەش بکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بازرگانانی عێراق ڕێڕەوی بازرگانییان بەرەو هەرێمی کوردستان دەگۆڕن

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2019دا ئاستی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بە هۆی یەکخستنی پێناسی گومرگی و دۆخی نالەباری عێراقەوە. دەشڵێ، لە ئێستادا بازرگانانی عێراق ڕێڕەوی بازرگانییان بەرەو هەرێمی کوردستان دەگۆڕن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سوپای ئەمەریکا بیرە نەوتەکانی کەرکووک دەپارێزێت

بەرپرسی حزبێک لە کەرکووک ڕایگەیاند لە ئەگەری پێکنەهێنانی حکومەت لە بەغدا ئەوە ناوچەکە دەکەوێتە بۆشاییەکی یاساییەوە و گوتی: ئاسایشی بیرە نەوتەکانی کەرکووک دەکەوێتە ئەستۆی سوپای ئەمەریکا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێم بەبڕی ملیارێک و 600 ملیۆن دینار ڕێگاوبانی هەڵەبجە نۆژەن دەکاتەوە

بە بڕیاری سەرۆکوەزیران، مەسرور بارزانی، ڕێگاوبانی دەروازەکانی تەواوی کوردستان نۆژەن کرانەوە، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێ، ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی دەربڕیوە بەبڕی ملیارێک و 600 ملیۆن دینار ڕێگاوبانی هەڵەبجە نۆژەن بکرێتەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



حکوومەتی عێراق کەمپەکانی مووسڵ دادەخات و ئاوارەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن

بەڕێوەبەری کەمپەکانی خازر گوتی، هاتنی ئاوارەکانی مووسڵ بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە، بەتایبەت کە حکوومەتی عێراق کەمپەکانی مووسڵ دادەخات و ئاوارەکان ڕوو لە هەرێم دەکەن و ڕۆژانە زیاتر لە 5 خێزان دێنە کەمپەکانی ئێمە و تا ئێستاش هەزار و 300 خێزان هاتوون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



هۆتێلێک لە بەیتولەحم، بەپێنەی یادی لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح تابلۆی هونەرمەندێکی ناسراوی بەریتانی (بانسکی) نمایشکرد کە تەعبیر لە دایکبوونی دەکات

دەستگیرکردنی باندێکی بازرگانی ماددەی هۆشبەر ڕاگەیەندرا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان ڕایدەگەیەنێت: لەیەکێک لەهوتێلەکانی شاری هەولێر توانرا باندێکی بازرگانی ماددەی هۆشبەر کە لە دوو کەسی ئێرانی دەستگیر بکەن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

ئۆرکێستڕای کوردستان میوزیکی جیهانی و کوردی نمایشکرد

لە هەولێر لە هۆڵی سەعد عەبدولا ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی حکوومی و حزبی و پەرلەمانتاران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، نمایشێکی سەمفۆنیای بە هاوبەشی بۆ هەردوو (ئۆرکێستڕای کوردستان) و (ئۆرکێستڕای جۆرجیا) ساز کرد. **(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)**



سوپای ئەمەریکا بیرە نەوتەکانی کەرکووک دەپارێزێت

بەرپرسی حزبێک لە کەرکووک رایگەیاند لە ئەگەری پێکنەهێنانی حکومەت لە بەغدا ئەوە ناوچەکە دەکەوێتە بۆشاییەکی یاساییەوە و گوتی: ئاسایشی بیرە نەوتەکانی کەرکووک دەکەوێتە ئەستۆی سوپای ئەمەریکا. محەمەد سامان کە گوتەبێژی بەرەی تورکمانییە، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو سەربازە ئەمەریکییانەی لە بنکەی سەربازی کەیوان جێگیرن پێش دوو رۆژ لە ناوەندی شاری کەرکووک بینراون.

هەروەها گوتی: بینینی سەربازانی ئەمەریکی لە ناوەندی شاری کەرکووک پاش چەندین ساڵ لە جێگیربوونیان لە بنکەی سەربازی جێگەی سەرنجە.

سامان، نیگەرانی خۆی نەشاردەوە لە سەر پێکنەهێنانی حکوومەتی عێراق لە پاش دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی و سەرەڕای کۆتایهاتنی ماوەی15 رۆژەکە بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانی نوێ.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە لە ئەگەری دروستبوونی بۆشایی یاسایی و بە هەل وەرگرتنی دۆخەکە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستیەوە ئەوە کەرکووک زەرەمەندترین شار دەبێت و گوتی: سوپای ئەمەریکا لە دژی ئەو گرێمانە بیرەنەوتەکانی شارەکە دەپارێزێت.

ئەمەریکا، لەپاش ئازادکردنی عێراق لە ساڵی 2003ەوە تاکو مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2011 نزیکەی165 هەزار سەربازی لەو وڵاتەدا هەبووە، لە پاش ئەم رێککەوتنەوە و لە سەرفەرمانی سەرۆکی ئەمەریکای ئەو سەردەمە باراک ئۆباما سەرجەم سەربازانی ئەمەریکا لە وڵاتەکە کشاونەتەوە. لە دوای سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشیش لە ساڵی 2014دا لە سەر داواکاریی سەرۆکوەزیرانی ئەو سەردەمەی عێراق نوری مالیکی ئەمەریکا سەربازەکانی بۆ عێراق گەڕاندەوە. لە سەر واژۆکردنی رێککەوتنی ستراتیجی سەربازی لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ساڵی 2014ەوە پێنج هەزار سەربازی ئەمەریکی لەو وڵاتەدا جێگیرکراون.

هەروەها ئەمەریکا، لە بنکەی سەربازی ڤیکتۆری لە فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی و بنکەی سەربازی تاجی لە ناوچەی تاجی لە رۆژئاوای بەغدا، بنکەی عەین ئەسەد و حەبانییە لە پارێزگای ئەنبار کە ئەم دوو بنکەیە لە شەڕی دژی داعش لە ساڵی2014دا زۆر بە چڕی بەکاردەهێنرا جێگیرە. هەروەها سەربازانی ئەمەریکا بنکەی ئاسمانی بەلەد لە پارێزگای سەلاحەددین بەکاردەهێنن.

لە ئێستادا رێژەی کورد لەنێو سەنتەری شاری مووسڵ لە 2٪ تێپەڕ ناکات

بەرپرسێکی پارتی: دەبێ بەرەنگاری پیلانی سڕینەوەی کورد لە مووسڵ ببینەوە

سەرەڕای رزگارکردنی شاری مووسڵ لە دەست تیرۆریستانی داعش، بەڵام کوردانی دانیشتووی ئەو پارێزگایە ئامادەی گەڕانەوە نین، بەرپرسێکی پارتیش دەڵێ، هەندێ لایەن بە پیلان کار بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە مووسڵ دەکەن. عەلی خەلیل، بەرپرسی لقی چواردەی پارتی لە مووسڵ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: هەر لە کۆنەوە کورد لە سەنتەری شاری مووسڵ نیشتەجێ بووە و رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی مووسڵی پێکدەهێنا، بەڵام لە ئێستادا رێژەی کورد لەنێو سەنتەری شاری مووسڵ لە 2% تێپەڕ ناکات، ئەوەش بۆ دژایەتیکردنی کورد دەگەڕێتەوە لە مووسڵ.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بە هۆی کردەوەی تیرۆریستی و هەڕەشەکردن لە کوردانی مووسڵ، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی وەک کریستیان ناچار کران مووسڵ بەجێبهێڵن، بەڵام لەگەڵ هێرشی گرووپی تیرۆریستیی داعش، کوردەکان بە یەکجاری شارەکەیان چۆڵ کرد.

پەیوەست بە هۆکاری نەگەڕانەوەی کورد لە دوای شەڕی داعش، بەرپرسەکەی پارتی لە مووسڵ دەڵێت: ئێستاش بە چاوی هاوڵاتیی پلە دوو سەیری کورد دەکرێت لە مووسڵ و هەندێ لایەنی سیاسییش بە پیلان کار بۆ ئەوە دەکەن کورد نەگەڕێنەوە مووسڵ.

خەلیل ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ئێمە وەک پارتی



هەوڵی زۆرمان داوە کوردانی مووسڵ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، تا لە پاشەڕۆژدا کاریگەری لەسەر رێژەی کورد و پشکی کورد نەبێت، بەڵام هاووڵاتیانی کورد باوەڕیان بەو هێزە ئەمنی و سەربازیانەی مووسڵ نییە و ئامادەی گەڕانەوە نین.

لەبارەی کاریگەریی کەمبوونەوەی رێژەی کوردیش لە مووسڵ، عەلی خەلیل جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە کورد بگەڕێنەوە بۆ شارەکە و ئێمەش وەک پارتی دەبێ بەرەنگاری پیلانی سڕینەوەی کورد لە مووسڵ ببینەوە.

بەغدا داوای دیاریکردنی دوو دادوەر لە هەولێر دەکات

عێراق.. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆ هەڵبژاردنەکان

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق تیرۆپشکێکی ئەنجامدا کە لەمیانیدا پێنج ئەندام و دوو راوێژکاری ئەنجوومەنی دەوڵەتی بۆ ئەنجوومەنی نوێی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی دوو ئەندامی دیکەی ئەنجوومەنەکەی دواخست بە هۆی ئەوەی لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە ناویان ڕەوانەنەکراوە. لە ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی هاتووە "لەمیانی تیرۆپشکێکدا کە دوێنێ دووشەمە ئەنجامدراوە هەریەک دادوەر عەباس فەرحان حەسەن و دادوەر جەلیل عەدنان خەلەف و دادوەر عامر موسا محەمەد و دادوەر فەیاز حوسێن یاسین و دادوەر عەلی ڕەشید وەک ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی نوێی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵبژێردراون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە هەر لە تیرۆپشکەکەدا، هەریەک لە ڕاوێژکارانی ئەنجوومەنی دەوڵەت، ئەنعام یاسین محەمەد و فەتاح محەمەد یاسین وەک ڕاوێژکارانی ئەنجوومەنی نوێی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵبژێردراون.

ناوی دوو کاندیدەکەی دیکە ڕەوانەکران ئەوە تیرۆپشک بۆ ئەو دوو ئەندامەی دیکەش ئەنجام دەدرێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە تیرۆپشکەکە بە ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی، فایەق زێدان و سەرۆکی ئەنجوومەنی داواکاری گشتی، دادوەر موفەق عوبێدی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی، دادوەر جاسم محەمەد عەبود و جێگری نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، هەوڵی زۆرمان داوە کوردانی مووسڵ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، تا لە پاشەڕۆژدا کاریگەری لەسەر رێژەی کورد و پشکی کورد نەبێت، بەڵام هاووڵاتیانی کورد باوەڕیان بەو هێزە ئەمنی و سەربازیانەی مووسڵ نییە و ئامادەی گەڕانەوە نین.

لەبارەی کاریگەریی کەمبوونەوەی رێژەی کوردیش لە مووسڵ، عەلی خەلیل جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە کورد بگەڕێنەوە بۆ شارەکە و ئێمەش وەک پارتی دەبێ بەرەنگاری پیلانی سڕینەوەی کورد لە مووسڵ ببینەوە.



بەغدا.. خۆپیشاندەران مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند و ڕێگەی نێوان کوت و بەغداشیان داخست

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتژمێرەکان بۆ یەکلایکردنەوەی دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو و دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا ڕایانگەیاند کە هەڵمەتی مانگرتنیان لە خواردن دەستپێکردووە.

لەوبارەوە وێنەی دەیان خۆپیشاندەری مانگرتوو لە خواردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ یەکلایکردنەوەی دەستنیشانکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، هەروەها دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان.

خۆپیشاندەران ڕاگەیەندراوێکیان بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو "ئەم هەنگاوەمان ئامانج لێی فشار خستنەسەر ئەنجوومەنی نوێنەرانە بۆ ئەوەی بەپێی داواکارییەکانمان دەنگ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکاندا بدات".

خۆپیشاندەران ڕاشیانگەیاندووە "ئامانجێکی دیکەی ئەم هەنگاوەمان ئەوەیە کە فشار بخەینە سەر سەرکۆمار بەرهەم ئەحمەد سالح تا کەسێک ڕاسپێرێت بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو کە بەپێی ئەو مەرجانە بێت کە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دانراون". لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا، خۆپیشاندەران هۆشداریان داوە لەوەی ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێن، ئەوا زیاتر پەرە دەدەن بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان.

لە لایەکی دیکەوە چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی کوت، کەریم موحارب ڕایگەیاند، کە خۆپیشاندەران وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە کاندیدکردنی قوسەی سوهەیل بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، ڕێگەی نێوان کوت و بەغدایان داخستووە. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمە هاوپەیمانی بینا، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکوومەتی کاربەڕێکەر، قوسەی سوهەیل-ی وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران داهاتوو پێشکەش کرد. ئەمە پێشهاتەش هاوکاتە لەگەڵ هاتنەئارای بۆشایی دەستووری دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لەبەردەم سەرکۆماری عێراق بۆ ڕاسپاردنی کاندیدی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو.

ئەمەریکا کاروانێک پێداویستی ڕەوانەی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکات

سوپای ئەمەریکا نزیکەی 60 بارهەڵگر ئامێر و کەلوپەل و پێداویستی بۆ ئەو کێڵگە نەوتییانە ڕەوانە کردووە کە لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە لە هەردوو پارێزگای حەسەکە و دێرازۆر لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەبرێن. سەرچاوەکانی هەواڵ گرتەی قێدیۆیی ئەو کاروانە ئەمەریکییەی تۆمار کردووە کە شەوی یەکشەمە لە ڕێگای دەروازەی سنووری ئەلوەلیدەوە چووە شاری قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان. پێشتریش ئاژانسەکانی هەواڵ ڕایانگەیاندبوو کە ژمارەیەک تەکنیککار و ئەندازیاری نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆی سعوودی چوونەتە کێڵگەی نەوتی ئەلعومەر و بەمەبەستی پاراستنیشیان چەندین سەربازی سعوودی لە یەکەکانی گوندی سەوز جێگیرکراون.

کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و فینلەند ڕاگەیەندرا



ڕۆژی 2019/12/19 بە ئامادەبوونی هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر و نوێنەرانی پارێزگای هەولێر، یەکەمین هەنگاو و دەستپێک بۆ هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و فینلەند ئەنجام درا. سەرەتا لەلایەن بەڕێز تەحسین دۆڵەمەڕی و دکتۆر ئاراس خۆشناو وتار پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. لە دواییدا نوێنەری پارێزگای هەولێر بۆ کاروباری کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان باسی لە چۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کرد. لە کەش و هەوایەکی زۆر دۆستانە و ئازادانە هەڵبژاردنەکە ئەنجامدراو تیایدا شیرین زەکی جندی بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵبژێردرا، هەروەها شڤان نەجمەدین بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا.

هاوکات " خاتوو خانزاد سەعد عەلی، عومەر خدر محمد، ڕەجەب حاجی ڕەجەب، تریسکە ئیحسان یاسین، پەریشان ئەحمەد عبدالله، هەریەکەو بەرپرسیارێتییەکیان پێ سپێردرا. شیرین زەکی جندی لەبارەی کۆمەڵەکەیان ڕایگەیاند: دامەزراندی ئەم کۆمەڵەیە وەک هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی ناحکوومی و نا سیاسی و سەربەخۆیە، لە پێناو بەدیهێنانی چالاکی جۆراوجۆرە لە بوارەکانی (مرۆیی و ڕۆشنبیری و زانستی و کومەڵایەتی و پەروەردەیی و بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانی هەر دوو لا) کار دەکات. بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەختە و کۆمەڵەکەمان لەوانەیە لە شوێنەکانی دیکەش لق بکاتەوە گەر بە پێویست زانرا.

خەبات
www.xebat.net
سێ شەممە 2019/12/24 ژمارە (5899)

ئەیاد عەلاوی بۆ «خەبات»:

شووڕەییە ئەم هەموو ناکۆکییە لەپێناو سەرۆک وەزیرانێکی کاتیدا



خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

د.ئەیاد عەلاوی سەرەک وەزیرانی پێشووتری عێراق رەخنەی توند لە سیاسی و حزبە دەسەلاتدارەکانی ئێستای عێراق دەگرێ و دەڵێ شووڕەییە ئەم هەموو ناکۆکییە لەسەر دەسەلات و دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تا داوای کەسێکیان بۆ دروستکردنی کابینەیەکی کاتی حکوومەتی عێراقی لێ بکرێت.

د.ئەیاد عەلاوی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەگەر کاتی خۆی تەفسیری جۆراوجۆر و جیاواز لەلایەن دادگای ئیتیحادیەوە سەبارەت بە کوتلەی گەورەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەستنیشان بکرێت.

گوتیشی: ئەمە گەورەترین نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژە کە چەندین هەفتەیە ناتوانرێ گەورەترین کوتلەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەستنیشان بکرێت.

گوتیشی: ئەمە گەورەترین کوتلەی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران بە سەرۆک وەزیرانی دادەنرێت و ئەو کەسەیە سوکایەتییە لە عێراقدا کە بەدیموکراسییەت دەکرێت.

لەلای خۆیانەوە خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا هەڕەشەی پەرینەوە بە مەلەوانی بەناو ڕووباری دیجلە بۆ ناوچەی سەوز دەکەن ئەگەر د.بەرهەم سالح سەرۆک کۆماری عێراق بەبێ ڕەزامەندی و خواستی ئەوان کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق تەکلیف بکات کە سەر بە حزبە ئیسلامیە تەقلیدییە دەسەلاتدارەکانی ئێستای بەغدا بێت و ئەمەش بارودۆخی بەغدای خستۆتە مەترسی و بەهۆی ناکۆکی زۆر و گوشارەکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی دەرەوە لە مەسەلەی دەستنیشانکردنی پێکهێنەری حکوومەتی تازەی عێراقیش د.بەرهەم سالح سەرۆک کۆمار هەرەشەی دەستلەکارکێشانەوەی کردووە و زۆربەی چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە دەوڵەتی عێراق لە لێواری مەترسی و ڕەنگە هەڵوەشانی یەکجارەکیدا بێت و مەترسی جەنگی ناوخۆ و دەستوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش لەئارادایە.

لەبەر بارودۆخی نالەباری عێراق

بازرگانانی عێراق ڕێڕەوی بازرگانییان بەرەو هەرێمی کوردستان دەگۆڕن



بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2019دا ئاستی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە بە هۆی یەکخستنی پێناسی گومرگی و دۆخی نالەباری عێراقەوە. دەشڵێ، لە ئێستادا بازرگانانی عێراق ڕێڕەوی بازرگانییان بەرەو هەرێمی کوردستان دەگۆڕن.

نەوزاد ئەدهەم، بە مانگەی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە سەرەتای ئەمسالەوە تا ڕۆژی 17ی شوبات، بە هۆی ئەو سیاسەتە گومرگییەی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرا، بازرگانانی عێراق لە ڕێگای دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە کاری بازرگانییان دەکرد، بەڵام بە هۆی یەکخستنی پێناسی گومرگییەوە، بازرگانانی عێراق ڕێڕەوی خۆیان لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ دەروازەی ئوم قەسر گۆڕی.

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە ئاستی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بەرز بووەتەوە بە هۆی ئەوەی بازرگانانی عێراق لەبەر بارودۆخی نالەباری عێراق، ڕێڕەوی بازرگانیی خۆیان لە دەروازەکانی ئوم قەسرەوە گۆڕییەوە بۆ ئیبراهیم خەلیل، ئەمەش وای کردووە کە جوولەی بازرگانی لە هەرێم زۆر زیاد ببێت.

عێراق.. کۆژرانی کارمەندێکی ئەمنیی و هەشت چەکداری داعش

دوو سەرچاوەی ئەمنیی عێراقی ڕایانگەیاند، لە دوو ڕووداوی ئەمنییدا چەکدارێکی حەشدی شەعبیی و هەشت چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە هەردوو پارێزگای دیالە و سەلاحەددین کوژران. ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، نەقیب حەبیب شەمەری ڕایگەیاند، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هێرشیان کردە سەر بەربەستێکی ئەمنیی حەشدی شەعبی لە نزیک ناحییەی سەعدییە باکووری پارێزگای دیالە و بەوهۆیەوە چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا و دووی دیکە بریندار بوون.

شەمەری ئاماژەی بەوەشکرد کە هێزێکی هاوبەش ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ ڕاوەدوونانی ئەو کەسانەی لەو ڕووداوەدا تێوەگلاون، دەستپێکردووە.

لە پارێزگای سەلاحەددین، هێزێکی سوپای عێراق لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییدا لە یەکێک لە ناوچەکانی نێوان پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکووک، هەشت چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کوژران.

ئەفسەر لە پۆلیسی سەلاحەددین، نوعمان جبوری ڕایگەیاند، هێزێکی سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنێکیان بۆسەر چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە چیای قەرەچووغ کە دەکەوێتە نێوان پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکووک لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجامدا.

بە گوتەی جبوری، هێزەکەی سوپا بە مووشەک چەکدارانی داعشیان کردووەتە ئامانج و لە ئاکامدا هەشت چەکداری ڕێکخراوەکە کوژراون. جێی باسە ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2017 هێزە عێراقییەکان بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە و بە پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش و دوای سێ ساڵ لە شەڕێکی سەخت دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش تەواوی ئەو ڕووبەرەیان کۆنترۆڵکردەوە کە بە یەک لەسەر سێی خاکی عێراق هەژمار دەکرا کە داعش لە هاوینی 2014 کۆنترۆڵی کردبوو.

وێڕای ئەوەی هێزەکانی عێراق داعشیان لە ناوچەکان دەرکردووە و شارەکانیان ئازادکرد، بەڵام شانە نووستووەکانی ڕێکخراوەکە تاکو ئێستا بەردەوامن لە سەر هێرشەکانیان لە گوندەوارەکانی پارێزگاکانی کەرکووک، مووسڵ، سەلاحەدین، ئەنبار.

بەهۆی گوشاری لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران

سەرچاوەیەک: سەرکۆماری عێراق نیازی دەستلەکارکێشانەوەی هەیە

سەرچاوەیەک لە نووسینگەی سەرکۆماری عێراق ڕایگەیاند کە بەرهەم ئەحمەد سالح نیازی هەیە بەهۆی گوشاری لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئێران بۆ پەسەندکردنی کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی پێشکەش بکات.

سەرچاوەکە گوتیشی: هاوپەیمانی بینا گوشارێکی زۆر بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کاندیدەکەی قوسەی سوهەیل بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو پەسەند بکرێت و لەبەر ئەوە سەرکۆمار نیازی هەیە دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی پێشکەش بکات.

شایانی باسە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سەرکۆماری عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالح ڕایگەیاندبوو، کاتێکدایە کە گوشارێکی زۆر دەخرێتە سەر بەرهەم سالح لە لایەن هاوپەیمانی بینا و ئەوە لە پشتییەوە دەوەستێ وەک ئاماژەیەک بۆ فەرمانەدە لە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی کە "دەگوترێ ماوەی چەند هەفتەیەکە لە بەغدایە".

سەرچاوەکە گوتیشی: هاوپەیمانی بینا گوشارێکی زۆر بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کاندیدەکەی قوسەی سوهەیل بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو پەسەند بکرێت و لەبەر ئەوە سەرکۆمار نیازی هەیە دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی پێشکەش بکات.

شایانی باسە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو سەرکۆماری عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالح ڕایگەیاندبوو، داواکارییەکی لە هاوپەیمانی بینا بەدەست گەیشتووە کە تیایدا وەزیری خۆبەدنی بالا و تۆبژینەوەی زانستی لە حکوومەتی کاربەڕێکەر، قوسەی سوهەیل-ی وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران داهاتوو پێشکەشیکردووە.

هاوپەیمانی بینا ژمارەیەک لایەنی شیعە نزیک لە ئێران لەخۆدەگرێت لەسەرووییانەوە هاوپەیمانی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری کە خاوەنی 47 کورسییە و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نوری مالیکی کە خاوەنی26 کورسییە.



حکوومەتی عێراق کەمپەکانی مووسڵ دادەخات و ئاوارەکان ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن

بەڕێوەبەری کەمپەکانی خازر گوتی، هاتنی ئاوارەکانی مووسڵ بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە، بەتایبەت کە حکوومەتی عێراق کەمپەکانی مووسڵ دادەخات و ئاوارەکان ڕوو لە هەرێم دەکەن و ڕۆژانە زیاتر لە 5خێزان دێنە کەمپەکانی ئێمە و تا ئێستاش هەزار و 300 خێزان هاتوون.

بەڕێوەبەری کەمپەکانی خازر، ڕزگار عوبێد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە کە کەمپەکانی مووسڵ دابخات و تا ئێستاش ژمارەیەکی داخستووە و ئاوارەکانیشی ڕوو لە کەمپەکانی خازر دەکەن و ئێمەش پێشوازییان لێ دەکەین و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین دەکەین. ڕزگار عوبێد گوتیشی: ڕۆژانە زیاتر لە5 خێزان دێنە کەمپەکانی ئێمە و لەمساڵیشدا تا ئێستا هەزار و 300 خێزان هاتوون کە دەکاتە شەش هەزار و500 ئاوارە. جێی باسە بەهۆی خراپیی دۆخی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری و ئاوەدانەکردنەوەی مووسڵەوە ئاوارەکان ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ مووسڵ و ئەوانەی دەشگەڕێنەوە، جارێکی دیکە ئاوارە دەبنەوە.



بەیروت.. هەزاران خۆنیشاندەر لە هەردوو گۆڕەپانی (ریاز سولح) و (شەهیدان) گردبوونەوە دژی کاندیدکردنی حەسان دیاب بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی لوبنان



مانگرتنی مامۆستایانی ئێران دەستی پێکردەوە

مانگرتن و ناڕەزایی سەرتاسەریی مامۆستایان لە زۆربەی شارەکانی ئێران لەسەر داوای ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان دەستی پێکردووە. بەپێی زانیاریی میدیاکان و ئەو وێنانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەتەوە، دوێنێ دووشەمە 2019/12/23 لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکانی "فارس، بووشێهر، خوراسانی ڕەزەوی" مامۆستایان دەستیان داوەتە ناڕەزایی و مانیان گرتووە و لە چوونە پۆلەکانی خوێندن خۆیان بواردووە.

شۆرای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران پێشتر بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک پشتگیریی لە گردبوونەوەی ناڕەزایی مامۆستایانی خانەنشین کردبوو کە دوێنێ لە تاران کۆبوونەتەوە. لە بەشێک لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە ، مامۆستایانی هەموو قوتابخانەکان دوێنێ دووشەمە لە وانەی دووەمدا لەناو ژووری بەڕێوەبەری خوێندنگەکان مان دەگرن و ناچنە سەر پۆل.

هاوکات بەپێی زانیارییەکان هەر دووشەمە بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی خانەنشینی ئێران، لەبەردەم پەرلەمانی ئێران کۆ بوونەتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان. جێی باسە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تووێژی مامۆستایانی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە پێنج جار دەستیان داوەتە ناڕەزایی و مانگرتن و هۆکاری ئەو مانگرتن و ناڕەزایانەش خراپیی دۆخی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و سیاسەت و پلانی کەرتی تایبەت و دژایەتیی سیاسەتی سەرکوت و خراپیی سیستەمی پەروەردەیە کە خودی مامۆستایانیش لێی ڕازی نین.

باکووری کوردستان... سەرۆک شارەوانی سووری ئامەد دەستبەسەر کرا

هاوسەرۆکی هەدەپە: لە تورکیا هێرشێکی زۆر لەسەر هەدەپە هەیە



خاتوو فیلیز بوڵوتتەکین سەرۆک شارەوانی سووری ئامەد، کە ئەندامی هەدەپەیە و بەبیانووی لێکۆڵینەوەی تیرۆر لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان دەستگیرکرا و دواتر لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە لەکاردوورخرایەوە، دەستبەسەرکرا. فیلیز بوڵوتتەکین کە لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوە جیاوازانەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری دیاربەکر بەبیانووی تیرۆر بەڕێوەیان دەبات لە 20ی کانوونی یەکەمدا لە ئۆپەراسیۆنێکی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئامەددا دەستگیرکرا لەگەڵ دوو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی شارەکەدا، کارەکانی ئاساییش لەبارەیەوە تەواوبوو.

دوای لێکۆڵینەوەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی، فیلیز بوڵوتتەکین و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی، جەمال ئۆزدەمیر لەلایەن دادگاوە بەبیانووی "ئەندامبوون لە پارتی کرێکارانی کوردستان" دەستبەسەرکران و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی، بە مەرج ئازاد کرا. پێشتریش خاتوو فیلیز بوڵوتتەکین لە لایەن 11مین دادگای سزای قورسەوە بە بیانووی "پرۆپاگەندەکردن بۆ پەکەکە" لە گوتارێکیدا کە لەبەردەم بینای سەرۆکایەتی هەدەپە لە دیاربەکر پێشکەشی کردبوو، سزای10 مانگ زیندانی بۆ دەرکرابوو. بە گوێرەی میدیاکانی نزیک لە دەسەڵات، دەرکەوتووە کە خاتوو بوڵوتتەکین لە شارۆچکەی باغلار بەشداری لە پرسەی مەهمەت یاکشردا کردووە کە ناوە نهێنییەکەی "زەینەڵ" بووە و بەناو بەرپرسی ناوچەی دەریای ڕەش بووە و ناوی لە لیستی سووری داواکراواندا هەبووە. هەروەها لە 17ی ئادارەوە بەشداری لە پرسەی زولکوف گەزەندا کردووە کە ئەویش بە بیانووی تیرۆر دەستبەسەر بوو و لە گرتووخانە خۆی کوشت.

لە چواری کانوونی یەکەمی 2017شدا بەشداری لە پرسەی هامدوسەنا ئاتالادا کردووە کە لە ئۆپەراسیۆنێکی تورکەکاندا لە گوندەواری بینگۆل گیانی لەدەست دا.

لەلایەکی دیکەشەوە پەروین بوڵدانی هاوسەرۆکی هەدەپە ڕایگەیاند، دوای تێکچوونی پڕۆسەی ئاشتی، دایکانی کورد زۆرترین ئازاریان بینیوە. ئاماژەی بەوەش کرد، حکوومەت دەیەوێت بە ڕێگەی شەڕ و دوژمنکاری کورد و دانانی قەیوم، تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە. بوڵدان نەشیشاردەوە کە هێرشێکی زۆر لەسەر هەدەپە لە تورکیا بەتایبەت ناوچە کوردییەکان هەیە. جێی باسە لە دوای دەستپێکردنی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، چەند سەرۆک شارەوانییەکی هەدەپە لە باکووری کوردستان دەستگیر کران و چەند بەرپرسێکی دیکەش دوور خرانەوە.

تا ئێستا 26 چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی عێراق تیرۆرکراون



ئەندامی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، عەلی بەیاتی ڕایگەیاند، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا 26 چالاکوان کە بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردووە، تیرۆرکراون. لەو ژمارەیەش 13یان لە بەغدادی پایتەخت بوون. عەلی بەیاتی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە شاری بەغدا لە بارەی خۆپیشاندانی شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامی دا، ئاماژەی بەوەدا کە جگە لەو ژمارەیە، سێ چالاکوانی دیکەش ڕووبەڕووی هەوڵی تیرۆرکردن بوونەتەوە، ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە تا ئێستا بەرپرسانی عێراق لە بارەی ڕووداوەکانەوە ڕوونکردنەوەیان نەداوە.

سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کە ڕۆژی 29ی تشرینی دووەم بەهۆی فشاری شەقامەوە دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، دانی بەوەدا نابوو کە هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران گوللەی ڕاستەقینەیان بەکارهێناوە.

ڕۆژی 15ی تشرینی دووەمیش وەزیری بەرگری عێراق نەجاح شممەری لە ڕوونکردنەوەیەکدا "لایەنی سێیەم"ی وەک بەرپرسیار لە گیانلەدەستانی خۆپیشاندەران ناوبردبوو بەڵام هیچ زانیارییەکی لە بارەی ناسنامەی لایەنی سێیەمەوە نەخستبووەڕوو.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق لە دوای داگیرکردنی عێراق لە 2003وە تا ئێستا و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران بۆ پاراستنی سەنگی سیاسی خۆی لە بەغدا، تۆمەتبار دەکرێت. بەپێی ئاماژەکانی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 497 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەسی دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون. ئەمە جگە لە دەستبەسەرکردنی دوو هەزارو 700 خۆپیشاندەر کە 107یان تا ئێستا لە زیندانداون.

عێراق... بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو

هێزە ئەمنییەکان دەروازەکانی ناوچەی سەوزی بەغدایان داخست

سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە دەروازەکانی ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە داخراون. ئەم پێشهاتەش هاوکاتە لەگەڵ هاتنەئارای بۆشایی دەستووری دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو لەبەردەم سەرکۆماری عێراق بۆ ڕاسپاردنی کاندیدی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو. ڕۆژی یەکشەممە ڕابردوو هاوپەیمانی بینا، وەزیری خوێندنی بالا و تۆێژینەوەی زانستی لە حکوومەتی کاربەڕێکەر، قوسەی سوهەیلی وەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران داهاتوو پێشکەش کرد.

لەوبارەوە ئەفسەرێک لە فەرماندەیی پۆلیسی بەغدا ڕایگەیاند: وەک ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری هاتنەئارای هەر پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو، هێزە ئەمنییەکان دەروازەکانی ناوچەی سەوزیان داخستووە و ڕێوشوێنی تونديشیان لە دەروبەری ناوچەکەدا، گرتووەتەبەر. ئەو ئەفسەرە گوتیشی: خۆپیشاندەران وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە کاندیدکردنی قوسەی سوهەیل بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، ڕێگەی خێرای محەمەد قاسم ڕۆژهەلاتی بەغدایان داخستووە.


هاوکات سەرچاوەیەک لە فەرماندەیی پۆلیسی دیوانیە بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە کە خۆپیشاندەران وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە کاندیدکردنی قوسەی سوهەیل بۆ پۆستی سەرکۆەزیرانی داهاتوو لە لایەن هاوپەیمانی بیناوە، ڕێگەی سەرەکی نێوان دیوانیە و نەجەفیان داخستووە.



سوپای سووریا خاڵێکی سەربازیی تورکیا گەمارۆ دەدات

سوپای سووریا خاڵێکی سەربازیی سوپای تورکیا لە سنووری پارێزگای ئیدلیب لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی، گەمارۆ دەدات. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)، سوپای سووریا بە پاڵپشتیی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا، گەیشتووەتە نزیک خاڵێکی چاودێریی سەربازیی سوپای تورکیا لە ناوچەی سەرمان لە گوندەوارەکانی ئیدلیب و خاڵە سەربازییەکەی گەمارۆ داوە.

پێشتر لە ڕۆژی یەکشەممە 2019/12/22 ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو، کە کاروانێکی سەربازیی تورکیا بە 20 زرێپۆش و بارهەڵگری سەربازی گەیشتووەتە نزیک خاڵە سەربازییەکەی سوپای وڵاتەکەی لە ناوچەی سەرمان.



دوێنێ، پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئازەربێجان دەستپێکرد کە پێنجەم هەڵبژاردنە لەوەتەی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ساڵی 1991 ڕاگەیەنراوە

رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان: پێشوازی لە راپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی ئازادیيە ئاینییەکانی ئەمەریکا دەکەین

کۆمیسیۆنی ئازادیيە ئاینییەکانی ئەمەریکا: جیاواز لە دەسەڵات و وڵاتانی دیکە حکوومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆری بە پێکهاتەکان داوە


کۆمیسیۆنی ئازادیيە ئاینییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا راپۆرتی ساڵانەی خۆی دەربارەی ڕەوشی ئاینییەکان لە ساڵی 2019 بڵاوکردەوە، لە بەشی عێراقی راپۆرتەکە تیشکی خستەسەر ڕەوشی ژیانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە عێراق و هەرێم و ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە بەتایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەریان ئەنجامدران.

لەم بارەوە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند: ئێمە پێشوازی لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ناوبراو دەکەین بۆ ساڵی 2019 سەبارەت بە ڕەوشی پێکهاتە ئاینییەکان، سااڵنە کۆمیسیۆنی ناوبراو ڕاپۆرتی خۆی بڵاو دەکاتەوە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ سەرنج تێبینییەکانیان دەکەین تاکو زانیاریی تەواویان لەسەر ڕەوشی ئەم پێکهاتانە هەبێت، و ڕوونکردنەوەکانی خۆمان بە پشتبەستن بە ڕاستییەکان و داتا و زانیاری پێشکەش بە کۆمیسیۆنی ناوبراو دەکەین.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی ڕاپۆرتەکە زیاتر گوتی: دوای ئەوەی بە چەند ڕاپۆرتێک لە ساڵانی ڕابردوو وەڵامی کۆمیسیۆنی ئازادیيە ئاینییەکان دایەوە و واقیعی ژیانی ڕۆژانەی پێکهاتەکانمان ڕوونکردەوە، کۆمیسیۆنەکە لە ڕاپۆرتی ساڵی 2019یان ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان دەکات سەبارەت لە خۆڕگرتنی پێڕەوانی گشت ئایین و نەتەوە و مەزهەبەکان بەپێ جیاوازی و حەواندنەوەیان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان دوای هێرشی تیرۆریستان داعش، ئاماژە بەوەش دەکات ڕۆڵەکانی پێکهاتە ئاینییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە جیاواز لە دەسەڵات و وڵاتانی تر حکوومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆری بە پێکهاتەکان داوە لە گشت بوارەکانی ژیان تەنانەت لە دەسەڵاتی بڕیاردانیش ڕۆڵی خۆیان پێدراوە و لە پەرلەمان و حکوومەتدا بەشداریيەکی کارایان هەیە.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا کۆمیسیۆنەکە، حکوومەتی هەرێم هان دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری کریستیانەکان لە هەرێم بۆ ئەوەی گیانی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان پتەوتر بێت، لەم ڕووەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: سەبارەت بە کێشەی زەوی و زاری کریستیانەکان، ریشەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژێمی بەعس و ئەو سیاسەتە شۆڤێنییەی کە پەیڕەوی دەکرد بۆ تێکدانی گیانی تەبایی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان، سەردەڕای ئەمەش دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم هەنگاوی پێویستییان ناوە. لەلایەکی تر ەوە حکوومەت قەرەبووی ئەو هاوواڵتیانەی کردووە کە زەوییەکانیان لە دەستداوە لە موسڵمان و کریستیان، بەشێک لەو زەویانە بۆ خزمەتگوزاری گشتی سوودی لێ وەرگیراوە و بە باشتربوونی دۆخی دارایی و ئابووری هەوڵ دەدرێت ئەوانەی کە ماون قەرەبوو بکرێنەوە.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بوونی ڕۆڵەی پێکهاتەکان لە هێزە ئەمنییەکان گوتی: حکوومەتی هەرێم بە یاسای ژمارە 5ی ساڵی2015 یاسای "پاراستنی مافی پێکهاتەکان" گشت مافی پێکهاتەکانی دیاریکردووە، لە بواری پەروەردە و کەلتوورییەوە مافەکانیان دابین کراوە لە ڕووی خوێندن و بڵاوکراوە بە زمانی تایبەتی خۆیان، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو یەک هێزێکی نیزامی کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە سەرپەرشتی دەکرێت ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پاراستنی سنوورەکانی هەرێم و هەوڵیداوە گشت هێزەکان لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە کۆبکاتەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە ساڵی 2014 پاش شەڕی تیرۆریستانی داعش بە فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم کوردستان هێزی فەرمی تایبەتی بۆ کریستیان و ئێزدییەکان دامەزراوە کە لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەیە.



شەنگە هاوارکاکەیی*

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

قورسترین پێناسە لە فەرهەنگی وشەدا دەستەواژەی گەندەڵییە چونکە سەودایيەکەو سنووری نییە، هەر مرۆڤێک و هەر بیرمەندێکی پاشخان بەپێی بەرژەوەندی خۆی پێناسەی کردووە و لە ڕەهاییەتێکی فیکریدا و لەتێفکرین و ویژدانی خۆی ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ تێگەیشتنی ڕێزبەندی وشەکانی لەوێنابوونی ئەم پەتایەدا... لەکاتێکدا گەشەکردنی ئەم پەتایە لەخاکێکی زۆر نەرم نەشونمای پێگەییوەو زۆر بەسانایی کۆنترۆڵ دەکرێ، کە تەنها بڕیاری قورسی پێویستەو سەرەنجام سەرپێچیکار بە سزادانێکی یاسایی قەڵا تێوەگلاوەکانیی تەماحەکانی دەڕووخێ و دەپووکێتەوە، ئەمەش بە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئارام مەبەست دەپێکێت بە یاسای پوخت و پرێفێکت و لە قەڵغانێکی قایمی باوەڕی پڕ متمانەیی دامەزراوەکان بەرێساو یاساکانی هەرێمی نمایندە دەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەی دەبێتە ئاسوودەگی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان لە جێبەجێکردنی بنچینە یاساییەکان و گەشەی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و فەراهەمی ئامانجە سەرەکییەکەی سەرجەم یاساکان، کە بنەماکەی لە مەدینەی فازیلەی ئەفلاتوندا وەرگیراوە و تێیدا هاتووەتە بەرباس کە پێگەیشتنی داخوازیی دادی کۆمەڵایەتی ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە گەندەڵی لە ڕەفتاری زۆر بچووک دەستپێدەکات تا شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەرجەم کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەروەها لە فاکتەری ئابووری ئاسەواری وێنای تۆمار دەبێ تا دەگاتە قۆرغکردنی مۆنۆپۆلیستی دەسەڵات، جا چ لەبەهەدەردانی مالی گشتی و تەخشان و پەخشانی ئەم داهاتە لەپێداویستە ڕواڵەتی نمایشی و بێ بنەما مەسرەف بکرێ، چ بەو بێکارییە دەمامکدارەی کە هەیە و ئەمری واقیعە لە دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمدا، ئەگینا! چۆن دەبێ لە وڵاتێکی خاوەن سەرمایەو داهات مرۆڤەکانی لە هێڵی هەژاریدا بن و ئاواتی تاکەکانیشی لە گەنج و نێوجەوان و پیر، کۆچکردن بێ بۆ وڵاتانی دیکە بەمەبەستی ژیان لە تاراوگەو لەغوربەتدا؟!!

ئەو ئامارژانە ئەوە وەدەردەخا کەوا گەندەڵی ئەشێ لە شتی زۆر بچووک و سادەوە دەستپێ بکا، ئینجا پەرەبسێنێ بۆ گەورەبوونی قەبارەکەی. ئەگەر نمونەیەکی بچووک وەربگرین لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و لەژیانی تایبەتی خێزانیدا بەسەردانیەکی کتوپڕیدا دەتوانی هەست بە هەناسەی گەندەڵی بکەی لە کەشی خێزانی هەر تاکێک، کاتێک خوێندنەوەی منااڵنەکان لە سەنگەربازیدا بێت تەنهاو تەنها بەرامبەر ماڵە خاڵوان بێ یاخود ماڵە مامەکان، چونکە کە مەرجی ژیانی هاوسەرگیری ڕاستگۆییە لەگەڵ خوا و خود، ئەگەر ئەو مەرجە دەستەبەر نەبوو و توانەوە لەهەست و سۆزی یەکتری پەیا نەبوو، ئەوە ئاسەوارەی ئەم ناپاکییە ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێ لەسەر کەسایەتی وەچەکانیان و بەشێوەیەکی گشتیش لە دڵ و دەروونی جگەرگۆشەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی، چونکە ڕەنگدانەوەکان دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی پاکی و ناپاکی هەستێکی شاراوەی زۆر بچووک لە هەناسەدانی ئەم جووت هاوسەرە بەسەردانیکردنێکی چەن چرکەییدا و دەرکەوت و هەست بە سۆزە شاراوەکانی ئەو خانەوادەیە کراو خوێندرانەوە خۆیان نیشان دا لەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییە، ئاخۆ چەند تەبان و چەند خۆشەویستی باڵی کێشاوەتە سەر ژیانی خانەوادەکەدا. بۆیە بۆ پاکسازی ڕەوشی ئەم جۆرە خێزانانە یەک هێزی مەبەستە و چەک گرنگە بۆ ڕوخاندنی کەلاوەی گەندەڵی و سەرکەوتنی پرۆسەکە کە چەکی بڕیاری یەکلاکردنەوەی هەستەکان تەنها بڕیارە... پاش ئەم ئاماژەدانە لێرەوە ئەگەر ورد ببینەوە بە ڕەهەند شاراوەکانی کەسایەتی گەندەڵکار، دەتوانین بچینە ناو تەوەری باسەکە و بەهیوای دۆزینەوەی ئاسۆی چارەسەر، هەنگاوەکان دەستەڕا بکەین، لەم حاڵەتەدا پەیامی کۆمەڵگە کە ئاراستەیان دەبێ بۆ ئەوەنییە جەلادەت خانە ئامادەبکرێ بۆ سەربڕینی گەندەڵکاران، چونکە ژیان مافی هەموو تاکێکەو هەموو تاکێک مافی ئەوەی هەیە بژی بەو بنەماو باوەڕەی کەوا لەسەری ڕاهاتووە بۆ نمایندەی گەندەڵی لە بەربژێری قەناعەتە تاکە کەسییەکان، کەوا لەسەری پەروەردەکراوە، بەڵام ناکرێ گەندەڵ و ناگەندەڵیش لەناو هەمان پارت و لەناو فەرمانگە فەرمییەکانی میری و دامەزراوەکان بەیەک چاو سەیر بکرێن و دۆسییەکانیان وەکو یەک ڕەنگی سپی بێ!

هەرچەندە گۆڕینەوەی پۆستەکان لە کەسێکی گەندەڵەوە بۆ کەسێکی تەکنوقرات و ڕابردوو پاک خۆی لە خۆیدا واتاو سزایەکی قورسی مەعنەوییە بۆ کەسی گەندەڵ، بۆیە خوازیارین سەنگەری گەندەڵکاران بۆ کوڕان و کچانی نیشتمان چۆڵ بکەن با بەخۆینی فرێش و باوەڕی بونیادنەر ڕوو لە کێڵگەکانی ماریفەت و خزمەت کردن بکەن لەپێناو یەکسانی بوونی ئەرک و ماف و لە پێناو مرۆڤبووماندا.

*** ماستەر لەیاسای گشتی - زانکۆی حیکمە/ بەیروت.**

دۆناڵد ترەمپ: ڕەوانە نەکردنی پڕۆژەیاسای دوورخستنەوەم بۆ ئەنجوومەنی پیران پێشێلکردنی دەستوورە

پارتی دیموکرات و هیلاری کلینتن سیخوڕییان بەسەر هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانمەوە کردووە



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە میانی بەشداریکردنی لە چالاکییەک لە ویلایەتی فلۆریدا، باسی لە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی کرد و کاردانەوەی تووندی لەهەمبەر ڕەوانە نەکردنی پڕۆژەیاساکە بۆ ئەنجوومەنی پیران دەربڕی و ڕایگەیاند کە ڕەوانە نەکردنی پڕۆژەیاساکە بۆ ئەنجوومەنی پیران دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەند کراوە، پێشێلکردنی دەستوورە. دۆناڵد ترەمپ ڕەخنەی لە سیناتۆری سەربە پارتی دیموکرات و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، نانسی پێلۆسی گرت و گوتی: پێلۆسی کارتی جددی بەدەستەوە نییە.

سەرۆکی ئەمەریکا لەبارەی ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەیەکیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی کۆمارین، بەڵام لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی دیموکراتن هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکیش لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی دیموکراتن هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی دیموکراتن هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی کۆمارین، بەڵام لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی دیموکراتن هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی کۆمارین، بەڵام لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی دیموکراتن هەیە کە ڕوونکردنەوەیەکیشی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە و نووسیویەتی "نانسی شێت، هەوڵ دەدات ئیملای یاساکانی تایبەت بە ناردنی ساختەکارییەکەی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووخستنەوەی من بۆ ئەنجوومەنی پیران بکات کە زۆرینەی ئەندامەکانی سەربە پارتی کۆمارین، بەڵام لە

دیموکرات مرد، ئەنجامی ڕاپرسییەکانیان زۆر خراپە.

سەرۆکی ئەمەریکا باسی لەوەیشکرد کە کادرانی پارتی دیموکرات لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی2016 پارەیان داوە بۆ دروستکردنی دۆسیەیەکی ساختە لەسەر ئەو و گوتی: پارتی دیموکرات و هیلاری سیخوڕیان بەسەر هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانمەوە کردووە و هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئەم کارەشیان دەدەن.

جێی باسە لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵدا ڕاپۆرتێک لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکادا بڵاوبووەوە کە تیایدا بانگەشەی ئەوە کراوە دۆناڵد ترەمپ لە مانگی تەموموزدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هاوتا ئۆکراینییەکەی ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی ئەنجامداوە و پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە جۆ بایدنی ڕکابەری و خێزانەکەی بکەن ئەوا ئەمەریکا هاوکاری وڵاتەکەی دەکات.

ئەمەش کاردانەوەی تووندی بەدوای خۆیدا هێنا و لە 24ی ئەیلوولدا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا، نانسی پێلۆسی بەتۆمەتەکانی "زیانگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا" و "شکاندنی سوێندی سەرۆکایەتی" دەستپێکردنی ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی ترەمپ-ی ڕاگەیاند.

لێژنەی هەواڵگری سەربە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە ڕۆژانی 13-21ی تشرینی دووەمدا چەندین دانیشتنی کراوەی لەسەر ئەو پرسە ئەنجامدابوو، دواتریش لێژنەکە ڕاپۆرتێکی300 لاپەڕەیی ئامادەکرد و پێشکەشی بە لێژنەی داوەری کرد.

لێژنەی داوەریش ماددەکانی "خراپ بەکارهێنانی پۆست" و "کۆسپ دروستکردن لە بەردەم کارەکانی گۆنگرێس" تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی دووڕخستنەوەی ترەمپ-ی پەسەند کرد.

دواتر ئەنجوومەنی نوێنەران خوێندنەوەی بۆ پڕۆژەیاسای دووڕخستنەوەکە کرد و پەسەندی کرد، بەڵام قۆناغی دواتر کە ناردنی پڕۆژەیاساکە بوو بۆ ئەنجوومەنی پیران، ئەنجام نەدرا.

ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە دژی داعش لە باشووری مووسڵ دەستپێکرد

ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە دژی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە باشووری شاری مووسڵ، دەستیپێکرد. ئۆپەراسیۆنەکە بەناوی (عەلی وەلیولاّ) سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 2019/12/23 لە جەزیرەی حەزەر و ناوچەکانی دەوروبەری لە باشووری ڕۆژئاوای مووسڵ، دەستیپێکردووە. ئۆپەراسیۆنەکە بە بەشداریی سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دژی چەکدارانی داعش ئەنجام دراوە، کە لەو ناوچەیە بنکەو بارەگایان کردووەتەوە. ئەو ئۆپەراسیۆنەی دژی داعش لە کاتێک دایە، کە حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق لە 2017/12/10 لەناوبردنی داعش و ڕزگارکردنەوەی تەواوەتیی عێراقی، ڕاگەیاند و ڕۆژی 10ی مانگی 12ی وەک ڕۆژی سەرکەوتن ناساند.

لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

وەبەرهێنەرە بیانییەکان عێراق بەجێدەهێڵن



وەبەرهێنەرە بیانییەکان بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی عێراقەوە، ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن. ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس) لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، کە تا ئێستا خۆپیشاندانەکانی عێراق زیانیان بە هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتە نەگەیاندووە، کە مانگانە شەش تا حەوت ملیار دۆلار داهاتی بۆ ئەو وڵاتە هەیە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بەهۆی گرتنی ڕێگای کێڵگەکان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، مەترسی لەسەر گیان و سامانیان دروست بووە، بۆیە وەبەرهێنەرە بیانییەکان، بە تایبەت وەبەرهێنەرانی کەرتی وزە، لە عێراق دەکشێنەوە. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/2ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری، دەستیان پێکرد. بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تووندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە 400 هاووڵاتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە 17 هەزاری دیکەش بریندار بوون.

حکوومەتی هەرێم بەبڕی ملیارێک و 600 ملیۆن دینار ڕێگاوبانی هەڵەبجە نوێژەن دەکاتەوە

بە بڕیاری سەرۆکوەزیران، مەسرور بارزانی، ڕێگاوبانی دەروازەکانی تەواوی کوردستان نوێژەن کرانەوە، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێ، ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی دەربڕیوە بەبڕی ملیارێک و600 ملیۆن دینار ڕێگاوبانی هەڵەبجە نوێژەن بکرێتەوە.

کاوە عەلی، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، تایبەت بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگاوبانی هەڵەبجەی ئاگادار کردووەتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی دەربڕیوە بۆ تەرخانکردنی پارەی پێویست و تایبەت بە نوێژەنکردنەوەی ڕێگاوبانی پارێزگای هەڵەبجە.

چەندین ڕێگای نێوان هەڵەبجە و ناحیەکان و دەروازەی شار لە پلانی نوێژەنکردنەوەدان، دەشبێت پلانی نوێ و کاتی نوێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نوێژەنکردنەوەی ڕێگاوبانی هەڵەبجە دابندرێت، کە ئێستا لە وەرزی زستاندایە.

جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: لە بەرنامەی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمدایە کە ڕێگای نێوان شار و پارێزگا و مەرزەکان و چەند ڕێگایەکی نێوان هەڵەبجە و دەروازە بازرگانییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرنامەی بەجوویسایدکردندان.

لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری هەولێر
دەستگیرکردنی باندێک ڕاگەیەندرا



لەڕاگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک بۆ مالپەڕی کوردستان تیقی نێردراوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادەدە هۆشبەرەکان ڕایدەگەیەنێت: لەیەکێک لەهوتێلەکانی شاری هەولێر توانرا باندێکی بازرگانی مادەدی هۆشبەر کەلەدوو کەسی ئێرانی پێک هاتبوون بەناوەکانی (س ، ق ، ا)، (ر،ع،ع) دەستگیر بکەن. بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕاشیدەگەیێنێت ، دەستیش گیرا بەسەر چەند دیاریەک بەبۆنەی سەری ساڵ و چەند دۆشەک و سەرینێک ـ یێک کەمادەدی هۆشبەری لەجۆری تلیاک کەبەشێوەیەکی تۆکمە شاردرابوونەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی مادەدە هۆشبەرەکان ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو دوو کەسە بەنیازبوون لەڕێگەی کۆمپانیایەکی گواستنەوەوە مادەدەکان ڕەوانەی وڵاتی-ی کەنەدا بکەن و تۆمەتبارانیش پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و ڕەوانەی دادگا کران.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە: لەماوەی کابینەی نوێیەمدا کێشەی ڕێگاوبان لە کوردستان نامێنێ

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەندازیار دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ڕوونیکردەوە: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو توانراوە لەماوەی 3مانگدا نزیکەی 79پرۆژەی ڕێگاوبانی نێوان شارەکان تەواو بکات و ئەوانەی کە ڕێگاوبانی بەدەستەوەیە جگە لەوەو پرۆژە تەواو نەکراوەکانیش دووبارە دەست پێ دەکەنەوە لەکۆی89 پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە توانراوە لەماوەی 3مانگدا نزیکەی 79پرۆژەی ڕێگاوبانی نێوان شارەکان تەواو بکات و ئەوانەی کە ماون هەوڵی تەواو کردنیان دەدەین لەماوەیەکی نزیکدا تەنها 10پرۆژەی هەڵەبجە ماوەو کارکردن تیایدا بەردەوامە. هەروەها وەزیری ئاوەدانکردنەوە ئەوەشی گوت: کۆی تێچووی ئەو پرۆژانەی کە تەواو کراون بڕی 43ملیار دینارەبوو 10پرۆژەکەی دیکەیش بۆ پارێزگای هەڵەبجە جێ بەجێ دەکرێن دواتر ئاماژەی بەوەشدا: بەشێکی زۆری پرۆژەی ڕێگاوبانی نێوان شارەکان تەواو بوونە و هەوڵی ئەوە دەدەین لەگەڵ کۆتایی هاتنی تەمەنی کابینەی نوێیەم هەموو پرۆژەکانی ڕێگاوبانەکانی نێوان شارەکان تەواو بکەین.

پێشمەرگەی ماندوونەناس تەها محەمەد شێروانی لەتەمەنی 94 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد

خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان



دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس و تێکۆشەری گەلەکەمان تەها محەمەد شێروانی کۆچی دوایی کرد و دواتر تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆڕستانی ناحیەی شێروان مەزن بە ئامادەبوونی کەسوکار و هاوسەنگەر و جەماوەری دەڤەری بارزان بە خاک سپێردار.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی فیداکار لە ساڵی 1925 لە گوندی شێروان مەزن سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبووە، لە تەمەنی7 ساڵی و لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ساڵی 1932ئاوارەی تورکیا دەبن، لەگەڵ برای خوالێخۆشبوو فیداکاری دەیان داستان میرۆ محەمەد شێروانی بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کردن لەکۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکات و برای قارەمانی میرۆ محەمەد شێروانی دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە بریندار لەگەڵ بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی چووە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران، خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دڵسۆز تەها محەمەد شێروانی لە ساڵی 1947 لە ناو سیمی دیانا لەگەڵ پیاوە بارزانییەکان بۆ ماوەی2 ساڵ بەند دەکرێت و دوای ئازادکرنی دیسان ڕژێمی داگیرکراوی ئەوکات بۆ ماوەی 5ساڵ بۆ دەشتی هەولێر دووری دەخەنەوە، یەکێک لە بەشداربووەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە و ڕۆڵی هەبووە و دوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ برا و کەسوکاری ئاوارەی ئێران دەبن و بە هەمان وڕەوە دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان ساڵی 1995دوای ڕاپەرین لە ئاوارەییدا دەگەڕێتەوە کوردستان و لەناحیەی شێروان سەر بە دەڤەری بارزان نیشتەجی دەبێت و لەبەر خەباتی چەندەها ساڵانەی بە پێشمەرگە خانەشین کراوە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە. ئێستاش بە هەمان ڕێبازی ئەوان کوڕ و کەسوکاری هەر پێشمەرگەن. خاوەنی بنەماڵەیەکی پڕ خەبات و سەروەریە، هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمر دەزانی، ماوەی چەندەها ساڵ لەبەر ماندوبوون و ئێش و ئازاری زۆر تووشی نەخۆشی بوو و لە تەمەنی 94 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەزگای خێرخوازی ئاڵتون بە بڕی 120 هەزار دۆلار پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان دابین دەکات

خەبات ـ هاوار مورتکەیی



دەزگای خێرخوازی مرۆیی ئاڵتون لەچوارچێوەی کارە خێرخوازی و مرۆییەکانیدا بەبڕی 120 هەزار دۆلار پێداویستی تەندروستی لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستییەوە بۆ کەرتە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان دابین دەکات. وەک هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگای خێرخوازی مرۆیی ئاڵتون، کۆمەڵێک پێداویستی لەڕێگای وەزارەتی تەندروستییەوە گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەولێر، ئەویش بۆ زیاتر خزمەتکردنی بەندکراوانی ئەو دەزگایە. جێی باسە دەزگای ناوبراو لەماوەی ڕابردوودا چەندین پزیشکی ئەوروپی تایبەت بە نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو هێنابووە هەرێمی کوردستان و تیمێکی گەڕۆکی تەندروستیشی هەبوو بۆ هۆشیارکردنەوە خەڵک لەبارەی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و مەمک لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

ڕێگای سەرەکی هەولێر ـ پیرمام دووبارە قیرتاو دەکرێتەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

فازل حاجی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بڵاویکردەوە، لەلایەن تیمەکانی چاککردنەوەی ڕێگاوبانی هەولێر دەستکرا بەپرۆژەی نوێژەنکردنەوەی ڕێگای سەرەکی هەولێر ـ پیرمام.

گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ئاماژە بەوەش دەکات کە کارەکانی قیرتاوکردنەوە لە پێچەکانی پیرمامە لەو ساید‌ەی کەبەرە و هەولێر دێتە بڕێبە ساید‌ی چوون بۆ پیرمام کراوە بەدووساید، بۆچوون و هاتنیش بەکار دێتە تاکو پرۆژەکە تەواو دەبێت.

فازل حاجی گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر ئاگاداری شۆفێرانیش دەکاتەوە کە پابەندی ڕێگا گۆڕینەکە بن، بەپێی هێماکانی هاتووچۆ کە ئاراستەکان دیاری کراوە ڕێگاکان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی تووشی ڕووداوی هاتووچۆ نەبن.

منارا حەدبا یا دیرۆکی بەرێ ڕاستێ مووسل دوبارە هێت ئاڤاکرن



خەبات ـ ئالان شەهاب:

مزگەفتا نوری یان کۆ منارا حەدبا بەرێ ڕاستێ باژێرێ مووسل ئێکەم جهێ دیرۆکی و شینواری ل پارێزگەها مووسل دهێت هژمارتن، ئەو د نها دا ژلایێ یونیسکۆی ڤە دوبارە دهێت ئاڤاکرن دگەل دوبارە دروست کرنا منارا حەدبا بشێوەیەکێ کەڤنار ماوێ پرۆژەی پێنج سالن.

ماهر تاهر، سەرپەرشتێ پرۆژێ دوبارە ئاڤاکرنا مزگەفتنا نوری ب خەبات ڕاگەهاند: د نها دا ئێکەم قوناغا کاری دەست ب ڕاکرنا وان TNT ئەوێن ژلایێ ڕێکخراوا تیرۆرستی یا داعش ڤە هاتینە دانان دەمێ پەقاندنا وی جهێ شینواری و دیرۆکی و ئاینی ،لدوڤ دا ئەو بەرێن کەڤنار پێن وێ مزگەفتێ و منارێ ئەوێن نەهاتین تێکدان ئەو بەر دهێن هەلگرتن بۆ بکارئینانا وان د ئاڤاکرنا وێ دا، ناڤهاتی خویاکر ئاڤاکرنا وێ مزگەفتنێ ژلایێ یونیسکۆی ب سەرپەرشتیا وەقفا سونی یا عێراقێ دهێتە ئاڤاکرن،لدوڤ شێوازێ بەرێ یێ کەڤنار ب وان کارەستێن بەری نها بۆ هاتینە بکارئینان،ماوێ پرۆژەی پێنج سالن، ناڤهاتی گوت ئاڤاکرنا وێ مزگەفتنێ ل دەف موسلمانا گەلەک یا گرنگە ژبەرکۆ کەڤنترین مزگەفتا دیرۆکی شینواری یە ل پارێزگەها مووسل ژلایێ خەلکێ باژێری ڤە گەلەک گرنگی ب ئاڤاکرنا وێ هاتیە دان ژبەرکۆ ژبلی کۆ مزگەفتەک مەزنە یا کەڤنار ئەڤ جهە جهەک شینواری یە تایبەت جوانیا منارا حەدبا ئێک ژوان دیمەنێن باژێرێ مووسل پێ دهاتە نیاسین و ئێکەم مزگەفت بۆ کۆ ئەبو بکر بغدادی دەولەتا خۆ تێدا ڕاگەهاندی.

لە ئامێدی.. ڕووداوێکی هاتوچۆ بریندارببوونی هەشت کەس و گیان لەدەستدانی یەک کەسی لێکەوتەوە



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی دهۆک ئاشکرای دەکات، لە سنووری ئامێدی نۆ کەس بە ڕووداوێکی هاتوچۆ بوونە قوربانی.

موقەدەم ئازاد تەها وتی: دوای نیوەڕۆی ڕۆژی23/ 12/2019 لەسەر شەقامی گشتیی شارەدێی دێرەلووک بۆ ئامێدی و دهۆک، ڕووداوێکی هاتوچۆ لە جۆری پێکدادان لەنێو دوو ئۆتۆمبێلی تایبەت ڕووی دا، لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا کەسێک گیانی لەدەست دا و هەشت کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون .

گوتیشی: لەنێو قوربانییەکان ئافرەت و پیاو هەن، هۆکاری ڕووداوەکەش تیژڕۆیی بووە، تەرمی ئەو کەسەشی گیانی لەدەست داوە، ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی ئامێدی کردووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە ڕووی داوە .

www.xebat.net
ژمارە (5899) 2019/12/24 ستی شەممە

دابەشکارییەکانی کۆمەڵگا لەنێوان نێر و مێ دا

بەپێی وتەی (سیمون دوبوفوار) ئافرەت لەدایک نابێت، ئەوە کۆمەڵگایە دەیکاتە بوونەوەرێک و ناوی لێ دەنێت ئافرەت





سەردار حوسێن

کۆمەڵگاکان توانای گەشەکردن و پێشکەوتن و دەرکەوتنیان نەدەبوو، ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان دابەشکاری کۆمەڵایەتییان نەبوایە، ئەوەیش چ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یاخود لەسەر ئاستی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێت، لەنێوان ئەو پرسیارەی کێ حوکم دەکات و کێ دەبێ گوێرایەڵ بێت، لەنێوان خاوەن مال و کرێکرتەدا، لەنێوان گەورە و خزمەتکارداو...هتد، یاخود لەسەر ئاستی ژیانی ناوخۆشدا لەنێوان ژن و پیاو، بەو پێیەی شێوازێکە لە پێناو مانەوەو پێشکەوتندا، ئەگەر هاتوو چاوپۆشیمان لە جۆری یەکەمی ئەو دابەشکارییە کرد و جۆری دووەمان چڕ کردەوە، بە واتای پەیوەندی ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگادا، بەگوێرەی ئەوەی کە بایەتی تۆژینەوەکەمانە، بێگومان دەبینین کۆمەڵێک هۆکارمان دەست دەکەوێ، هەڵوێست و تێڕوانین لەبارەی ئافرەت دیاری دەکەن، لەلایەنی مێژوویییەوە بەلایەنی کەم، بەڵام کاریگەرییەکانی تا سەردەمی ئێستاشمان درێژەی هەیە.

پێداویستییەکانی ژیان بە قۆرسایی خۆیان ئەو کۆمەڵگایانەیان پڕ کردووە لە دابەشکردنی کار و سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ڕێکخستن و پڕکردنەوەی داهاتەکانیان، کە ئەویش گەڕانە بەدوای بژێوی ژیان و بەرگریکردن لە کۆمەڵە و گرووپەکان، هەموو ئەوانەیش شارەزایی و توانای جەستەیی و ئامادەگیی دەروونییان پێویست بوو، کە ڕەنگە لەسەرەتایشدا ڕەق و زەحمەت بن، بۆ ئەوەی توانای هەبێت بگاتە ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدات، هەر ئەوەیش بوو کە ئەوڵەوییەتی داوەتە پیاوان کە بەپێچەوانەی مێینەکانەوە ئەو خەسڵەتانەی تێدابێت، کە توانای جەستەیی و باری دەروونی و سۆزداری ژنان لەو شێوەیە نییە بتوانێت بەو ئەرک و کارانە هەڵبستێت.

تەنهابوونی پیاوان بۆ ئەم جۆرە پیشەو کارانەو گرنگیی مانەوەیان لەو بوارەدا، ڕەنگە بووبێتە هۆکاری ئەو دەستەواژەیەی کە بە دەستەسەرداگرتن و پاشکۆیەتی ناوی دەبرێت، کە زۆرترین جار لەلایەن بزووتنەوەکانی ئافرەتانەوە باسیان لێوە کراوە، هەروەهاش ناوی (فیمینیزم)ی لە ژنبوون ناوە، ئەو خواستەش پاڵپشتی ئەو تایبەتمەندیە بوو کە ژنانی تێدان و خۆی لە ناسکی و سۆزداربدا دەبینێتەوە، ئەویش هاوشانە لەگەڵ پێکهاتەی جەستەیی و ئەرکەکەی کە بە منداڵبوون دادەنرێت، لەگەڵ ئەوشدا پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی دەبێتە جێگەی گرنگییپێدانی ژنان لە جیهانە بچووکەکەدا، کە ئەویش مامڵەداری و پەروەردەکردنی منداڵ و ئامادەکردن و ڕێکخستنیانە، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت دوای هەموو ئەوانەیش ئافرەت پێویستی بە پارێزگاری لێکردن هەیە، بەهۆی لاوازیی جەستەیی وەک مرۆڤێک کە خوودی ئافرەت تیایدا دەژیت، ڕەنگە ئەو بارودۆخە تا ئێستایش هەر بەم شێوەیە مابێتەوەو بەردەوامیش بێت، هەرچەندە ڕەنگە تۆزێکیش ئەو حاڵەتە کەمی کردبێت بەهۆی ئەو سزا تونده‌ی یاساکان، کە وەها کردەوەیەک بە تاوان دادەنێت.

لاوازیی مرۆیی خۆی بەسەر ئافرەتدا سەپاندووە تا ئەمڕۆش، چونکە هێزی جەستەیی بۆتە پێوەر و هەر ئەویش بڕیار دەدات کێ مافی مانەوەی هەیە، کە بە دەستەواژەی (مانەوە بۆ بەهێزترینە) دەردەبڕدرێت، لەلایەنی ئەو لاوازییەشدا بارودۆخی ئافرەت داواکاری پارێزگاری لێکردنە، لەڕووی ئاسایش و ئابووریییەوە لەی بەهێزەوە، کە ئەویش وەک هەمیشە پیاوە، ڕەنگە هەر ئەوەیش بووبێتە هۆکاری ئەوەی لایەنە بەهێزەکە، کە خۆی لەپیاودا دەبینێتەوە، قۆرخی لاوازییەکانی ئافرەتی کردبێت و دەستی بەسەردا گرتبێت، تا ئەو ڕادەیەی لەلای هەندێک لە شارستانیەتەکان ئافرەت وەک میراتێک بۆ پیاو دەمایەوە، لەگەڵ ئەوشدا لە سەردەمی ئیغریقییەکاندا بارودۆخی ئافرەت بەجۆرێک بووە، کە وەک هاونیشتیمانی هەژمار نەکراون و مافی بەشداریکردینان لە کاروباری وڵات نەبووەو بە کۆیلەو بێگانەو منداڵ دانراون، کە ئەو باودۆخە لەلای هەندێک کۆمەڵگا و شارستانیەتی دیکەش هەروابووە، تەنانەت ئەو کچە بچووکانەی تازە لەدایک دەبوون دەکوژران، لە ترسی بەرسییەتی یاخود کەوتنە دەست دوژمنەکانیان، ئەوەیش لە کتێبەکەی خوادا پشتڕاست کراوەتەوە، کە بەدڵنیاییەوە ئەو دیاردەیە هەبووەو خوادی گەورە ئەو کەسانەی ئاگادار کردۆتەوەو ڕێگری لێکردوون وەها کردەوەیەک بەرانبەر مێینە ئەنجام بدەن.

ئەگەر ڕازیبوون لەسەر ئەوەی کە سروشت بەسەر ئافرەتدا زاڵی کردووە بەوەی ڕۆڵێکی مامناوەندی بگێڕێت، بەڵایەنی کەمەوە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، هەروەهاش ئەو ڕۆڵەی پیاوان و کۆمەڵگەش لە ڕقلێبوونەوەی ئافرەت گێڕاویانە بۆ ژێردەستەبوون و ڕازیبوون بە داواکارییەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام ئەی ژنان چی؟ ئایا دەتوانین ئەوەیان بۆ ڕازیبوونی خۆیان لەو بارودۆخە بگەڕێنینەوە، یاخود ڕازیبوونێکی ناچارییە لەو بارودۆخەی بەسەریاندا سەپێنراوە، ناتوانرێت وەڵامێکی دروست و ڕاستەقینە بۆ وەها پرسیارگەلێک بدۆزینەوە، ئەوەی لێرەدا بەدەست دێت تەنها ئەوەیە کە پەیوەستن بەو تەواوکارانەی سروشت بەسەریدا سەپاندووە، جا تایەت بن یاخود گشتی، یانیش ڕۆڵی پیاوان و کۆمەڵگا لەو بوارانەدا، کە دەتوانرێت بە مەرج و پێویستبوون هەژمار بکرێن، یان ئەو شیکردنەوەو لێکدانەوانەی ئافرەتان کە باس لە ڕۆڵێکی بنیاتنەرانەی کۆمەڵگا دەکەن لە دروستکردنی بوونەوەرێک کە هەر خوودی کۆمەڵگە دەیانکات بە مێینین، هاوکات ئایا بەلایەنی کەمەوە، نەوەی داهاتووی ئافرەتان دەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە سروشتی خۆیانە، بەوپێیەی گوزارشتکردن لە ڕازیبوون حەزێکە بۆ ئەو بارودۆخە وەک چۆن لەخواست و ویستی منداڵانی (مێینە) بەدی دەکرێت، لە هەڵبژاردنی یاری و هەڵسوکەوتی ئاسایی و مەیلی دایکایەتی و ناسکیدا بەرانبەر کەسانی دیکە، پێچەوانەی ئەوەیش هەیە لەلای منداڵانی (نێرینە)، تەنانەت ئەو خواست و ویستە لەلای مێینەو نێرینەی بالندەو گیاندارانیش هەروایە، بەڵام یەکسانی لە مافەکان و دەستەبەربوونی ئەو دەرفەتانەی کۆمەڵگا باسێکی دیکەیە، ئەویش بە پێی کات و شوێن و ڕۆشنبیر و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، بۆیە پێویستە یەکسانی بەوپێیەی تۆرێکی لکێندراوە بە کارە مادی و مەعنەوەییەکانەوە، تێکەڵ بە بارودۆخ و ڕۆڵی ئافرەت نەکرێت لە کۆمەڵگادا.

لە سەردەمی ئیغریقییەکاندا ئافرەت وەک هاونیشتیمانی هەژمار نەکراون و مافی بەشداریکردن لە کاروباری وڵات نەبووە و بە کۆیلە و بێگانە و منداڵ دانراون

دەرکەوتنی سەرمایەداری زەنگێک بوو بۆ کۆتایی هاتنی ژمارەیەک لەو هەڵێنجراوانەی سەرمایەداری لە ڕابردوودا بۆ کۆمەڵگە خۆجێیی و کۆمەڵە سەرەتاییەکان بەرهەمیان هێنابو، هەروەها فراوانبوونی بازاڕ و شارەکان و بڵاوبوونەوەی شەپۆلە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش پێویستی بە کەرەستە سەرەتاییەکان و دەستی کار هەبوو، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی سەرجەم بازاڕەکانداو، هەروەهاش ڕاگواستنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەو خێزانانە لە شوێنە نەریتییەکانی خۆیانەوە بۆ شارە فراوانەکان و پەیدابوونی ئەو خانەوادانەی کەستێک نەبوو سەرپەرشتیان بکات، ژنانی ناچار بەوە کرد جڵەوی ئیشوکارەکان بگرنە دەست و دابەزنە نێو بازاڕی کار.

سەرمایەداری لەسەرەتادا زۆرتر خواستی لەسەر ئەو ئافرەتانە هەبوو کە تەمەنیان بچووک و نەخوێندەوار و ناشارەزابوون، ئەوەش لەبەر هەرزانی کرێ و نەبوونی حەزی وروژاندن و دروستنەکردنی ئاژاوە، لەبەر ئەوەش بەزۆری ئەو ژنانە لەلایەن خاوەن کارەکانەوە دەستدرێژیان دەکرایەسەر، لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی داکۆکیکارانی مافی ئافرەتان کە کە ئەوکاتانە لە بواری ئەدەب و فیکردا هەبوون، کەمتەرخەم بوون لە ئاستی خەڵک و ڕازیکردنی چینێک کە پێویستە ئافرەت فێربکرێت و پارێزراو بێت لە دەستدرێژیکردن و شۆڕشی شیاوی خۆی هەبێت لە مااڵ و بازاڕی کاردا.

کاتێک ئافرەتان داواکاری فێربوون و فشار دروستکردنیان بەدەست هێنا لە پێناوی دەرفەتی کاردا، واتا سیستەمی سەرمایەداری هەنگاوێکی گرنگی بڕی لەو ئاڵۆزییانەی لەبەردەمیدا بوو، ئەوەیش لە بەرژەوەندی پیاوانی کاردا بوو، کارێکیش بوو لە پێناو سوود وەرگرتن لە زۆرترین توانا مرۆییەکان، هاتنە سەر ئەوەی کە پێگەی شیاو و پێوەری تایبەت بۆ پێشکەوتووەکان لە کارکردن دەستنیشان بکەن لەنێو کارگە و شۆێنی کارکردنیان، وەکو کێش و درێژی باڵا و تەمەن و هێزی بەرگەگرتن و هاوسەرگیری و سکپری، بە تایبەتیش لەبواری بیناسازی پاسەوانی و پۆلیسی و سووپا، وەک نموونە.

ئەو هۆکارانەو چەند هۆکارێکی دیکە لەپشت چاوخشاندنەوەی داواکارییەکانی بزووتنەوەکانی ئافرەتان بوو، کە کۆی گشتی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی چاوی پێدا بخشێنرێتەوە لەنێو دامەزراوەکاندا، بەپێی گونجانی ئەو پێوەرانەی خزمەت بە بەرژەوەندی ڕەگەزەکەی دیکەش دەکات، ئەوە ئەو تێگەیشتنە بوو لەلایەن داکۆکیکارانی مافەکانی ئافرەت، ئەوەش بە تێپەڕبوونی کات بووە هۆکارێکی دیکە کە هەڵوێست و بیردۆزی بزووتنەوەکانی ژنان گۆڕانی بەسەردا هات پێش ئەو بەرژەوەندیانەی ئافرەت کەوتەوە، کە تێڕوانی تایبەتیان بۆ جیهان و جەختکردنەوەش بوو لە بیروبۆچوونی خۆیان بە تایبەتی.

لەو پێوانگەدا پێشبڕکی هاتە ئارا، لەسەر سەرچاوەی بژێوی و لەژێر سێبەری گەڕان بەدوای سەرکەوتنی دەرفەتە ڕەخساوەکان، ژنان خۆیان لە ڕۆڵێکی ناوەندی یاخود پاشکۆیەتی پیاوان دۆزیەوە، بۆیە ناچاربوو پێشبڕکێی پیاوان بکات، بەڵام لەژێر سێبەری چەندین مەرج و جیاوازی ڕەگەزی، کە هەموویان ئەولەویەتیان بە پیاوان دەدا، لە سەرۆکایەتی خێزان و مااڵیشدا، هەروەهاش ئەو کێش و پێوەرانەی بوونە بابەتی پێشبڕکێیەکە، کە گونجاو نەبوون لەگەڵ لێهاتووی و سروشتە ڕەگەزییەکەی خۆی، لێرەدا هەوڵەکان لەپێناوی چاوخشاندنەوەبوو بە ناوەرۆکی ئەو جۆرە جیاکاری و دابەشکارییەی لەسەر ئاستی کار و ڕەگەز هەبوون، لەنێوان تایبەت و گشتیدا، کە خۆی لەو دەستەواژەیە دەبینییەوە : هەوڵدان بەو ئاراستەیەی جیاکاری لەنێوان ئافرەت و پیاودا کارێکی سروشتییەو کۆمەڵگە لەسەری ڕاهاتووە، ئەوەیش پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. کە بەپێی وتەی (سیمون دوبوفوار) ئافرەت لەدایک نابێت، ئەوە کۆمەڵگایە دەیکاتە بوونەوەرێک و ناوی لێ دەنێت ئافرەت، هەر ئەوەیشە کە هەوڵی بۆ دەدات تاوەکو ئەو دابەشکارییە بایۆلۆژییە ڕەت بکاتەوە، کە لەسەر بنەمای سێکس بۆ ئافرەت و پیاو دامەزراوە، لەبەر ئەوەی لێرەدا لەڕووی سروشتەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو تۆژدا هەیە، بەڵکو دەتوانرێت ناو لەو جیاوازییان بنرێت کە لەسەر بنەمای پیشە و بارودۆخ و دروست بوونەوەو خۆی سەپاندووە، لەپێناوی بێبەشکردنی چینێکی فراوانی خەڵک، کە دەرفەتی ژیانێکی چالاک و دۆزینەوەی خوود بۆ تاکەکانی دەستبەر دەکات. ئەوەش بووە بابەتی گفتوگۆکردنێکی زۆری کراوەو لە هەمان کاتیشدا و بە تێگەیشتنێکی دیکە لە جۆری کۆمەڵایەتی گرتەوە، بەو پێیەی ئەو دابەشکارییە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شیاوە، لەگەڵ ئەوشدا ئەو گۆڕانکارییە لەبیرکردنەوەدا، نەیتوانی هەندێک لە خاوەن ئەو بیردۆزانەی ژنان ڕازی بکات، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕانکارییەش لەیەکچوونێکی لەگەڵ ئەوانەی دیکە هەبوو، هەرچەندە هەندێک دەرفەت و ماف و یەکسانی لەگەڵ پیاوان تیادابوو، کە بە پێوەرە کۆمەڵایەتی و ئابووریە داسەپاوەکان قبوڵ کرابوون، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو سروشتە تایبەتەی ژنان و ئەرک و فەرمانەکانی مااڵ و خێزان، کە بە واتای شیکردنەوەکەی دیکە چوونە نێو بازنەی کێبڕکێییە لەگەڵ پیاودا ,بەڵام لە خاڵێکی داسەپاودا، کە هەر ئەوەیشە وایکردووە تێڕوانینێکی ناکۆک لەنێوان هەردوو چیندا دروست بێت، وەک هەوڵێکی دیکەی ژنان بۆ ڕێکخستنی مافەکانیان، گوزارشتەکان هەموویان پەیوەستن بە ئافرەتەوە، تەنانەت ئەو یەکسانیەش تێدەپەڕێن کە نێمە پێمانوایە لە بەرژەوەندی پیاودایە. هەندێک لە بیرمەندە ئافرەتەکان زێدەڕۆییان لەو هەڵسەنگاندنەدا کردووە، کە جیاکاری لەنێوان سیفەتەکانی ژنان و پیاوان دەکات و ژنان زۆرتریان بەرکەوتووە تا پیاوان، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک لەو بیرمەندانە فراوانتر لەو جیاکارییانە دەڕوانن و تایبەتمەندی پێدەدەن، ئەوەیش دەمانگەڕێنیتەوە بۆ هەمان ئەو ڕووکارەی پرسی جیاکاری سروشتی نێوان هەردوو ڕەگەز دێنێتەوە بەرباس و دواتریش دووبارە ڕێکخستنەوەی کار لەنێوان هەردوو بواری تایبەت و گشتیدا.





پڕۆسەی چاکسازی حکوومەت لە دیدی هاوڕێیانداندا

خەبات:تریفە ئازاد

هەڵبەت چاکسازی ئامانجێکە کە هەموو میللەت و کۆمەڵگا و حکوومەتێک چاوەڕوانی دەکات، چاکسازی ئەرکێکی سەرەکی هەر حکوومەتێکە لەپێناو ئیدارەدانی تەندروستی وڵات و کۆمەڵگا. بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نۆیەم هەر لە سەرەتای حوکمڕانی خۆی چاکسازی کردە ناونیشانێکی سەرەکی بۆ پلان پەیڕە و پڕۆگرامی خۆی و بەبێ دوودڵی دەستیکردووە بە جێبەجێ کردنی، دوورنییە چاکسازی ڕووبەڕووی هەندێک ناستەنگ و تەگەرە ببێت لەیەن ئەو کەس و لایەن و گروپانەی کە چاکسازی دەبێتە لەناو بردنی خەون و بەرژەوەندییە تایبەت و نارەوا و نایاساییەکانیان. بەڵام جەخت و بەردەوامی سوارچاکانی چاکسازی زامنی سەرکەوتن و پاراوای و پاکتاوی پڕوسەی حکومڕانییە لە بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان و خودی حکوومەت. بۆ زانینی ڕەنگدانەوەی پڕوسەی چاکسازی حکوومەت لە ناخی هاوڵاتیاندا، هەوڵدەدەین لەم ڕاپۆرتەدا بیروبۆچوونی هاوڵاتیانی کوردستان بەرامبەر چاکسازییەکانی نی حکوومەت بخەینەروو.

سەرکەوتنی پڕۆژەی چاکسازی لە قازانجی خەڵکی کوردستان بە گشتی دەبێت

محەمەد فەرحان شێروانی، بەرپرسی لقی دەوروبەری هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بارەی هەنگاوەکانی دست پێکردنی پڕۆژەی چاکسازی و نارەزایی پڕۆژە یاساییەکە بۆ پەرلەمانی کوردستان و گرینگی ئەم پڕۆژە یاساییە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

چاکسازی، ئەو ووشەیەی کە خەڵک بەتامەزرۆوە چاوەڕێی جێ بە جێ کردنی دەکەن و بەکردار کاری لەسەر بکرێت، لە دوای دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی خەڵک ئومێدی گەورەی بەم کابینەیە هەڵچنیووە بەتایبەتیش لە پڕۆسەی چاکسازی وە جێگای خۆشحاڵیە ئەم کابینەیە وە خودی سەرۆک وەزیران زۆر جدییە لەسەر جێ بە جێ کردنی و خۆشبەختانە دواجار لەلایەن حکومەتی هەرێم پەسەند کرا و ڕەوانەی پەرلەمان کرا، چاکسازی وەک پایە وایە دەبێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێت بەڵام بەداخەوەش کە هێشتا چەند لایەنێک و کەسانێک هەن دەیانەوێت دژی ئەم پڕۆژەیە بوەستنەوە بۆ بەردەوام بوونی مەرامە گلاوەکانی خۆیان و تاوی لەرزی لە گەندەڵکاران و بندیوارەکان هێناوە و ئەوانەی سەردەمانێک وەک مشەخۆر داهاتوو سامانی ئەم نشتیمانەیان دەبرد ئێستا هاتوونە و بەناوی دڵسۆزی و کوردایەتییەوە خەڵک هاندەدەن دژی ئەم پڕۆژە گرینگە بوەستنەوە، بەڵام خەڵک و مووچە خۆرانی ئەم کوردستان زۆر لەوە هەستیارتر و بەئاگاترن بکەونە ژێر رکێفی ئەم کەس و لایەنانە کە دەیانەوێت دژی ئەم پڕۆژەیەبن و شکستی پێ بهێنن، زەروورەتێکی گرینگیشە کە ئەم پڕۆژەیە سەرجەم سێکتەرەکان و پلە بالاکانی هەرێم بگرێتەوە نەوەک تەنها لەسەر خەڵکی مام ناوەند و چینی خوارەوە جێ بە جێ بکرێت، وەدەشبێت هەر یەکەشمان لە ئاستی پێگەو وەزیفی خۆمان هاوکار و کارئاسان بین بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەی چاکسازی لە قازانجی خەڵکی کوردستان بە گشتی دەبێت.



محمد فرحان:
دەبێت هەر یەکەمان لە ئاستی پێگە و وەزیفەی خۆمان هاوکار بین بۆ سەرکەوتنی چاکسازی



سندس حسین:
ئومێد دەکەین پڕۆسەی چاکسازی لە بەرژەوەندی تاکەکانی میللەت بێت



بارزان خدر:
یەکێک لەکارە سەختەکان و بارگرانیەکانی حکومەت پڕۆژەی چاکسازیە

بەچاوی پڕ لەئومێدەوە لەهەنگاوەکانی چاکسازی دەڕوانن

سندس حسین، وەک ئافرەتێک پشکیری خۆی بۆ چاکسازی دەردەبڕێت و دڵخۆشە بە دست پێکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی

سندس حسین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانە، لە بارەی چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمەوە دەڵێت: پڕۆژە یاساییەکانی چاکسازی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کرا و نێردراوە بۆ پەرلەمان بەشێکە لە پڕۆژەیەکی مەزنی چاکسازی، کە لە ئێستادا دەیبینین وا بە ئارامی و لەسەرخۆ لە زۆربەی سێکتەرەحکومییەکاندا بەڕێوە دەچێت و هەنگاوی بۆ دەنرێ و هەموون بەچاوی پڕ لە ئومێدەوە لە هەنگاوەکانی دەڕوانن و هەرکەس بەجۆرێک ئومێد دەخوازنن کە سەرکەوتو بەرهەمداربێت . ئومێد دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی ئەم پڕۆژە یاسایەوە تەواوی مافە یاسایی و شایستەکانی تاک بەتاکی کۆمەڵگا بپارێزێت و ئەم پڕۆژەیە ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ پاکسازییەکی وردی لیستی مووچەخۆران پاکتاوکردن و لادانی گەورەیە.. بۆیە لەپێناو بەردەوام بوون لە بەرەنگاربوونەوە دژی گەندەڵی و هەوڵی ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی وزیاتر پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هاوڵاتیان و نوێنەرانی میللەت کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانن ئەرکی سەرشانییانە هاوکاربن و بە ویژدانەوە پاڵپشت و دەستپێشخەربن بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆسە چاکسازیانەی کە بەپێی یاساو شایستەی ڕێکدەخرێنەوە کە مەبەست لێیان زیادکردنی داهاتی گشتیی و سوودمەندبوندنی تاکەکانی تری کۆمەڵگایە کە تا ئێستا بە هیچ شێوازێک سود مەند نەبوون لەم داهاتە گشتیەو نەتوانراوە بە یەکسانی و دادپەروەری خزمەت بکرێن ... بۆیە گرنگە ئیمەی هاوڵاتیانیش پاڵپشت و هاوکاری حکومەتی هەرێم و پەرلەمانبین و نەهێڵێن هەوالی چەواشەکار و دەنگۆی ناڕاست و نادروست بێتە بەربەست و تەگەرە لەبەردەم ئەم پڕۆسە گەورەیە. ئومێد دەکەین کە کۆی پڕۆسەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێ کە خزمەت و چاکسازی لە بەرژەوەندی تاکی میللەت بێت چونکە سەرباری سەختی ڕێی ئامانجی هاوڵاتیان کە سەربەخۆییە و لە هەمان کاتدا ووڵاتێکی دادپەروەر و سیستماتیک و شایستەی قوربانی چەند سالەی ڕابردوویان دەوێ نەک پێداچوونەوە و چاکسازی لە سەرجەم سێکتەرەکان زەروریەتە بەتایبەت سیستمی تەندروستی و باشترکردنی سیستمی پەروەردە و گۆڕینی شێوازی پێشکەشکردنی کارە حزمەتگوزاریەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیان و چەندین کەموکورتی کە نەک تەنها ئێمەی هاوڵاتی درکی پێ دەکەین بەڵکو حکومەت و دامودەزگاکانیش خۆیان دان بەو کەموکورتیانەو گەندەڵیانەدا دەنێین کە هەن دەبێت پڕۆژەچاکسازییەکات بۆ سوودو بەرژەوندی هاووڵاتیان بێت و وەک ئەوڵەویەت وەربگرن.. چونکە ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگەیەکە بەرگری لە نیشتمان دەکەن و قوربانی دەدات و ووڵات پێشدەخات..

پێکردنی هەنگاوەکانی چاکسای لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

کارەئیجابیەکانی کابینەی نۆی بارزان خدر، هاووڵاتیەیەکی دیکەیە لەو هاوڵاتیانەی کە دڵخۆشە بە هەنگاوەکانی چاکسازی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەمومان دەزانین کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەئێستادا چ لە دۆخێکی سیاسی و سەخت و بارگرانیەکی حکومڕانیدایە هەربۆیە هەمیشە جەنابیان جەختی لەچاکسازی و باشترکرنی دۆخی گوزەرانی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەکاتەوە ئەرکی سەرشانی ئێجگار قورس و گرانەو ڕێگاکانی سەرکەوتنی کابینە نوێیەکەی حکومەت ئالۆزو سەخت بەڵام خۆشبەختانە بەئومێدێکی بەهێزو وڕیەکی پۆڵایینەوە مسرور بارزانی وەک کارەکتەرێکی سیاسی و ئەمنی و ئیداری بەهێز کارەکانی دەسپێکردووە کە کابینەیەکە جیاوازتر و چالاکانەتر بەمانای حکومداری و حکومڕانیەکی سەردەمیانەی هاوڵاتی کارەکان ڕاییدەکات کە هەڵبەت لەدۆخێکی جیاواز و کەشێکی جیاوازدا دەستی بەکارەکان کردووە بەو مانایەنا کە ئاو لەئاشی ناحەزانی کوردستاندا بکەین و هەموو کارەکان پێشتری کابینەکانی پێشوو سفربکەینەوە و تانە و تەشیری بکەین، هەڵبەت ئەم هەوڵ و هەڵمەتەی ئێستای سەرۆکی حکومەت بەردەوامی و درێژەپێدانی هەوڵ و هەڵمەکەی حکومەتی پێشووە، بەڵام ئەم جارە هەم گۆڕانکاری لەکارەکتەرەکان هەمیش جۆری ئەدای کارکردنەکەشی گۆڕانی بەسەرداهاتووە بەو مانایەی کەلەنێوان حکومەت و هاوڵاتیان کۆنتاکتێکی ئیجابی و بەهێز و ڕاستەوخۆ هەیە کە هاوڵاتیان زیاتر دڵخۆشن و شانازی دەکەن کە متمانەشیان بۆ گەڕاوەتەوەو و کە حکومەتێک لەدایک بووە کە خاوەندارییەتیان دەکات و کە دۆخێکیش دروستبووە کە هاوڵاتی لەگەڵ حکومەت جۆرێک لەهەماهەنگی نێوانیان بەرپابووە و کەلە جیلی دەسەڵاتدارو هاوڵاتی هاتۆتە ئاراوە کە هەموو ئەو کارانەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی خودی سەرۆکی حکومەتە کە بەئومێدێکی زۆرەوە و بە چەند پلان و پڕۆژەی بەهێزەوە دەستی بەکارەکان کردووە لەئێستاشدا دەرهاویشتە ئیجابیەکانی بەڕوونی دیارن و زیاتریشن لە خاڵە سلبیەکان ئەگەریش هەڵسەنگاندن بۆ ڕابردووی یاخود ئەو 100 ڕۆژەی کابینەکە بکەین ئەبێ بەویژدانەوە بڕیار بدەین و واقیع بینبین و دوور لەڕق کینەی تەسکی حزبایەتی دان بەڕاستیەکان بنێین و باسیبکەین کە سەرەتایەکی ئیجابی و و کرداری دەستی پێکردوە کە هەڵبەت بەردەوامیشە ،وتەیەک هەیە دەڵێ (هەموو هەوڵدانێکیش کە نەتیجەی هەبێت یاخود بێ نەتیجەشبێ ئەوا پێویستە وتڕێت کردار)بەدیدو تێڕوانی خۆم هەموو جولەیەکیش دەسپێکێکی باش بەرهەم دێنێت هەربۆیە دەبێ گەشبینانەتر بڕوانین کە قسە و کردارەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەرەتای کارەکانی کابینەی نوێ وە تاکو ئێستا زۆر بەئیجابیانە و کردارانەبووە و سەلێنراویشن کەئەمەش جێگای خۆشحاڵی کوردستانیانە و هەربۆیە هەموومان دەزانین یەکێک لەکارە سەختەکان و بارگرانیەکانی حکومەت پڕۆژەی چاکسازیە کەلەئێستادا دەنگ و باسێکی گەرمی ڕۆژەڤە کە هاوڵاتیان بەگشتی بەم هەنگاوانانە دڵخۆشن بەبڕیارێکی گەورەو گرینگی دەزانن کە پێموایە چاکسازی بە مانا سادەییەکەی گۆڕینی دۆخە سەلبییەکانە بەرەو ئیجابی بەشێوازی هێمن و لەسەرەخۆی بێ تونودتیژی و شۆڕش، جا ئەو چاکسازییە ڕوو لە تاک بێت یان کۆمەڵگە یانیش سێکتەرە جیاوازەکان و دامودەزگاکانی حکومەت بۆیە چاکسازی و سیاسەت نزیکترین لێک ئەگەر یەکیش نەبن هەڵبەت ڕەنگدانەوەیان بۆ یەکتری هەیە هەربۆیە ئەو جۆرە چاکسازیانە پێشی دەڵێن شۆڕشی سپی.

ئەوەی ڕوودەدات ئاژاوەی بنیاتنەرانەیە یان شتێکی دیکەیە؟





پارێزەر: عومەر سەیدزادە

ساڵی 2005 وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا (کۆندولیزا رایس) گوتی بە ڕێگەی بلاوکردنەوەی ئاژاوەی بنیاتنەرەوە (الفوظی الخلاقە) وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی دەبەین.
ئەم تیۆرەش (ئاژاوەی بنیاتنەر) وا پێناسە کراوە بریتیە: لە هێنانە کایەی دۆخێکی سیاسی نەخشەکێشراو لەدوای قۆناغێکی پڕ لە ئاژاوەو پشێوی بە ئەنقەست دروستکراو لەلایەن کەسانێکی نادیارەوە بە مەبەستی گۆڕینی دۆخەکە بە قازانجی خۆیان، یاخود هێنانە کایەی دۆخێکی مرۆیی خۆش و لەبارە لە لایەن کەسانێکی ناسراوەوە دوای تێپەڕبوونی کۆمەڵگاکە بە قۆناغێکی پڕ لە ئاژاوەی دروستکراودا.
ناوی تیۆرەکە سەیر دێتە بەرچاو چونکە ئاژاوەو بنیاتنان پێک ناکۆکن، بەڵام داڕێژەرانی ئەم تیۆرە مەبەستیان ئەوەیە سەرەتا ئەوەی هەیە تێکی بدەو خاپووری بکە ئەنجا سەرلەنوێ دروستی بکەوە، کەواتە بە پێی ئەم تیۆرە کاتێک بوبستریت گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگەیەک دروست بکرا سەرەتا ئاژاوەی تێدا دروست دەکرا و ئاژاوەکەش بەردەوام دەبا تاکو دەگاتە ئەوەی ئەو واقیعە سیاسییە دروست دەبا کە لایەنی دروستکەر دەیخوازا، ئەنجا دروستکردنی قۆناغی نوا دەست پێدەکات، کە یاساکان و یاریکەرەکان و سیستەمەکان شتێکی نوا دەبن و ئەوانەی پێشوو لەبەرچاو نامێنن.
بێگومان ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای (دروستکردنی کێشە + دروستبوونی کاردانەوە+ چارەسەری گونجاو) دامەزراوە، واتە کێشەیەک دروست بکە بەجۆرێک خەڵکەکە تەواو بێزار دەبن تاکو ئەو جۆرە چارەسەرە هەڵدەبژێرن کە لایەنی دروستکەری کێشەکە دەیەوا ئەنجا دروستکەری ئاژاوەکە وەکو رزگارکەرو یارمەتیدەری خەڵکەکە دێتە ناو کێشەکەو بە سەپاندنی ئەو چارەسەرەی لەبەرژەوەندی خۆیدایەو خەڵکەکەش قبوڵیانە کۆتایی بە کێشەو ئاژاوەکە دەهێنێت.
میژووی ئەم تیۆرەش دێرینە، ماکیاڤیللی یەکێکە لەوانەی لە کیتابەکەیدا ((میر)) دەڵێت سیستەمە تازەکان لە دوای لەناوچوونی سیستەمی کۆن بە هۆی ئاژاوە پشێویەوە دروست دەبن، هەروا خاوەنی بیرۆکەی (ململانێی شارستانیەکان)) (هینتگتۆن) یش دەڵێت بە ڕێگەی ئاژاوەو پشێویەوە یاسای یاریەکان و یاریکەرەکان دەگۆڕدرێن.
جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرەش بە چوار قۆناغی بەدوای یەکدا تێدەپەڕێت:
شلۆقاندنی ئەو دۆخە بەستەڵەکبووە نەویستراوەی کە هەیە.
کارکردن بەرەو جولاندنی خەڵکەکەو دروستکردنی ئاژاوەیەکی بێ سەروبەر.
ئاراستەکردن و ئیدارەدانی ئاژاوەکە بەمەبەستی گەیاندنی بە دۆخی ویستراو.
سەپاندنی بارودۆخی تازەو کۆتایی هێنان بە ئاژاوەکە.
دەڵێن ئەوەی لە ژێرناوی بەهاری عەرەبیدا ڕوویداوە جێبەجێ کردنی ئەم تیۆرە بووە، ئەمڕۆش لە ناوەڕاست و باشووری عێراق خۆپیشاندانی فراوان هەیە کە داوای گۆڕانکاری و کۆتایی هاتنی ڕۆژی یاریکەرە سیاسیەکانی ئێستا دەکەن و ئەمەریکاش پشتیوانی خۆی بۆ داواکاریەکانیان دەربڕیوە، ئێستاش پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوەی ڕووەدات جێبەجێ کردنی تیۆری (ئاژاوەی بنیاتنەر)انەیە لەلایەن ئەمەریکاوە یان شتێکی دیکەیە؟

بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێ... لاوان دڵی خۆیان بۆ خەبات دەکەنەوە



لەگەڵ هیوای بەدی هاتنی ئاواتەکان

ڕاپۆرتی: موسلیم دڵنەمەری

هەموکەسێک بەهاتنی ساڵێکی نوێ دڵخۆش دەبێت بەهیوای هاتنە دی دەیان ئەو هیواوئاواتانەیەوە، کەلە ساڵی ڕابردووپێیان نەگەیشتوە بەتایبەتی چینی لاوان کەخاوەن دەیان هیواوئاواتن کەلە تەمەنی لاویدا پێیان بگەن، لەم ڕاپۆرتەماندا ژمارەیەک لەلاوانی کورد بەسەر دەکەینەوە بۆ ئەوەی هیواوئاواتیان بۆ ساڵی نوێ ساڵی 2020 بدرکێنن و بخەنەروو. ئیمەش لە ڕۆژنامەی خەبات هیوای خۆشی و شادی بۆ هەموو تاکێکی کوردستان و هەمومرۆڤێکی جیهان دەکەین و خوازیاری ئەوەین کە لەساڵی نوێی ئایندە (2020) هیواو ئاواتەکانیان بەدەست بێ،

سەردا قاسم عمر گوتی: من خۆزگە و ئاواتم زۆرە لە ژیان دا، بەڵام دڵنیام کە مرۆڤ گشت ئاواتەکانی ناهێتەدی لە ژیان بەڵام هەرچۆنێک بێت من خۆم کەسێکی زۆر گەشبینم لەژیان هەمیشە بەرۆنی و دڵخۆشییەوە تەماشای ژیانم دەکەم ،هەمیشە بە ئومێدەوە دەژیم ئەویش لە سایەی حکومڕانی بنەماڵەی بارزانە کەهەمیشە تێکۆشاون بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد و خۆش گوزەرانی میللەتەکەمان، لێرەدا دەڵێم هیوادارم و ئاواتمە لە ساڵی نوێدا ولاتەکەمان بەرەو پێش وخۆشگوزەرانی بڕوات و یاساکان و بڕیارەکانی کابینەی نوێمان دژ بەگەندەڵی و بەفیڕۆدانی مالی میللەت جێبەجێ بکرێت کە دڵنیاشم جێ بەجێدەکرێت چونکە کابینەی نوێمان بە سەرۆکایەتی کەسێکی لێهات و دڵسۆزی وەک ڕێزدار مسرور بارزانی ، لەکۆتایدا بەهیوای ساڵێکی پرلەخۆشی وبەرەکەت بۆمیللەتەکەمان.

هەروەها مامۆستا شریف گوتی: بەهوام ساڵی نوێ ساڵێکی پرلە خۆشی وشادی بێت بۆ جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەهەرچوار پارچەیەوە و هیوادارم لە ساڵی نوێدا بنبرکردنی گەندەڵی و هەموو ئەوبەڵێنانەی کە بەمیللەت دراون بێنە بەجێگەیاندن لەلایەن کابینەی نوێمان بۆ ئەوەی ببینە خاوەن ولاتێکی پێشکەوتوو ساخڵەم وەکو گشت ولاتانی جیهان. هەروەها ڕێنجبرهاشم گوتی : سەرەتا هاتنی ساڵی نوێ لەجیهان بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی پیرۆزدەکەم بەوهیوایەم ساڵی نوێمان ببێتە ساڵێکی پرلەخۆشی و دوور لە گشت ناخۆشیەکانی ژیان بۆمیللەتەکەمان. بێگومان بەبوونی سەرۆکێکی وەک مسرور بارزانی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و بەدڵسۆزی وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان بۆ ساڵی نوێ ئێمەی لاوان زیاتر گەشبین وهیوادارین کە ئەو هەموو بەڵێنانەی دراون بۆ ئەوەی بەدی بهێنرێن و ببینە هۆی ئاسوودەیی هاوڵاتیان.


قاسم عمر


مامۆستا شریف


سۆران ئەمیر


سیامند بازی

سۆران ئەمیر گوتی: هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی ئاشتی وخۆشگوزەرانی بێت بۆ گشت تاکێکی کورد. هەروەها هیوادارم کە ئەو هەموو ناخۆشی ومەینەت وئازارەی کە بەسەرگەلەکەماندا هاتووە لە ساڵی نوێدا دووبارە نەبێتەوە بۆمان لە هەرچوارپارچەی کوردستان . دڵخۆشم کە وەهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان. بێگومان بەبوونی سەرۆکێکی وەک مسرور بارزانی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و بەدڵسۆزی وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان بۆ ساڵی نوێ ئێمەی لاوان زیاتر گەشبین وهیوادارین کە ئەو هەموو بەڵێنانەی دراون بۆ ئەوەی بەدی بهێنرێن و ببینە هۆی ئاسوودەیی هاوڵاتیان.

سیامند بازی گوتی: سەرەتا ساڵی نوێ لەگشت میللەتی کورد پیرۆزدەکەم و هیوادارم ساڵی نوێ ببێتە ساڵی بنبرکردنی گەندەڵی و بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستان کە دڵنیاشم هەروا دەبێت لە سەردەستی ڕێزدارجەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و هیوادارم وداواکارم لەگشت میللەتی کورد کە تەواو پاڵپشتی بڕیارەکانی بەرێزیان بن بۆگەیشتن بەو هیواو ئاواتانەی کە چەندین ساڵە میللەتەکەمان بۆی دەنالێت وخوێن دەبەخشێ کەپێی بگات.

ئاڵا و کورد و کوردایەتی


زیلان سارمەمی

ئاڵای کوردستان، ئاڵاو بە خوێنی ئازادیخوازان بیانوویەک نییە بۆ چەوساندنەوەی ڕۆژهەکانیان و تەنها پارچە پەڕۆیەک نییە، شەکاوە بەدەم شنەبای بێئومێد بوون لە یەکڕیزی، زۆرتر بەسەرهاتی پەنگ خواردووی ناو فرمێسکی ئاوارەی چاوی چاوەڕێی دایکێکە کە ڕۆژهکەی فێرنەبووە و نابێ چەکی مەردایەتی دانێ و بستێ خاکی ئەم کوردستانە بدات بە نەیارانی ، زۆرتر ئامانجی یەکڕیزبوونە ، مەبەست ئەمەیە کە گەورە و بچووکی ژێر ئەم ئاڵایە تەنها ئەم ئاڵایە بناسن، بەڵام ئێستا ئیتر ئەم ئاڵایە پردی گەیاندنی کۆمەڵێک بەرژەوەندی خوازە کە وایانکرد ئەم ولاتە بە تەنیا هەڵگری ئەم ئاڵایە نەبێت. ئێمە ئیتر گیانێکی فرە ئاڵاین و ئاڵای زۆرمان هەیە ، تەنانەت دوژمنەکانیشمان بەرامبەر بڕێک پارەی گیرفانی خاک فرۆشان، ئاڵایان هەڵگراوە و بەسەرمانەوە ئەشکێتەوە، بەداخەوە ڕوالەت بینین و خافڵاوین بە دروشمەکانیان و لە خەیاڵێکی خاودا دەژین.

بۆ پرسیار نەکەین چەند سەدەی تر ئەبێ نێومانڵمان تەبا و یەکڕیز نەبێ ؟ بۆهێشتا شارچیەتی دەکەین وهێشتا ڕێگە دەدەین کاریزمای مێژوومان لەکەدار ببێت؟! هێشتا تەنانەت شێوەزارەکانمان بوون بە جێگای گاڵتە و گەپ!

پێشەوا قازی موحەمەد ئەم ئاڵایەی بەئاڵای هەموو کوردانی دونیا ناساند، بەڵام ئێستا خۆمان ناهێڵێن وا بێت خەڵکی فلان شار خۆی لە شارێکی تر پێ کوردترە، خەڵکی لادێی فلان لە لادێیەکی تر خۆی پێ کوردترە، شێوەزاری فلانی لە شێوەزاری فلانێکی ترمان پێ کوردیترە، وامان لێهاتووە خەڵکی هەندێک شارمان هەر پێ کورد نێ! کوا نەتەوە پێناسەی وایە ؟ ئەمە پیلانی ئەو کوردانەیە نانیان بە دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێومانڵی کورد بەستراوە، بەسە با چیتر کورد و کورد تر بوونی نەبێ و هەموومان کورد بین نەک شتی دیکە.


لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و قامیشلۆ و عەفرین و سنە و مەریوان و دیاربەکر و دێرسم و کفری و کەلار و چەمچەماڵ و هەورامان و بادینان و بارزان و هەڵەبجە و مەهاباد و هتد ... کام شار هەیە خوێنی بۆ ئەم ئاڵایە نەدابێت ؟ کام شار بۆ کوردبوون شەڕی نەکردووە ؟ هەرچەند مەبەستم لەو شەڕانە نییە کە جاشەکانی بەناو کورد بەیانووی جیاوازی حزبی دروستیان کردووە تاکوو کورد بە خوێنی کورد تینوو بێت، گەر سەرنجی مێژوو بدەین دەوڵەتی بەریتانیا لە هەر ولاتێک بووبێت دوای بەجێهێشتنی لە ڕێگەی دروستکردنی بەرژەوەندی خوازی هەوڵیداوە لەو ولاتە کومەڵگا جیاوازی بیروڕا وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان. بێگومان بەبوونی سەرۆکێکی وەک مسرور بارزانی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و بەدڵسۆزی وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان بۆ ساڵی نوێ ئێمەی لاوان زیاتر گەشبین وهیوادارین کە ئەو هەموو بەڵێنانەی دراون بۆ ئەوەی بەدی بهێنرێن و ببینە هۆی ئاسوودەیی هاوڵاتیان.

بۆهێشتا شارچیەتی دەکەین وهێشتا ڕێگە دەدەین کاریزمای مێژوومان لەکەدار ببێت؟! هێشتا تەنانەت شێوەزارەکانمان بوون بە جێگای گاڵتە و گەپ!

پێشەوا قازی موحەمەد ئەم ئاڵایەی بەئاڵای هەموو کوردانی دونیا ناساند، بەڵام ئێستا خۆمان ناهێڵێن وا بێت خەڵکی فلان شار خۆی لە شارێکی تر پێ کوردترە، خەڵکی لادێی فلان لە لادێیەکی تر خۆی پێ کوردترە، شێوەزاری فلانی لە شێوەزاری فلانێکی ترمان پێ کوردیترە، وامان لێهاتووە خەڵکی هەندێک شارمان هەر پێ کورد نێ! کوا نەتەوە پێناسەی وایە ؟ ئەمە پیلانی ئەو کوردانەیە نانیان بە دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێومانڵی کورد بەستراوە، بەسە با چیتر کورد و کورد تر بوونی نەبێ و هەموومان کورد بین نەک شتی دیکە.

لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و قامیشلۆ و عەفرین و سنە و مەریوان و دیاربەکر و دێرسم و کفری و کەلار و چەمچەماڵ و هەورامان و بادینان و بارزان و هەڵەبجە و مەهاباد و هتد ... کام شار هەیە خوێنی بۆ ئەم ئاڵایە نەدابێت ؟ کام شار بۆ کوردبوون شەڕی نەکردووە ؟ هەرچەند مەبەستم لەو شەڕانە نییە کە جاشەکانی بەناو کورد بەیانووی جیاوازی حزبی دروستیان کردووە تاکوو کورد بە خوێنی کورد تینوو بێت، گەر سەرنجی مێژوو بدەین دەوڵەتی بەریتانیا لە هەر ولاتێک بووبێت دوای بەجێهێشتنی لە ڕێگەی دروستکردنی بەرژەوەندی خوازی هەوڵیداوە لەو ولاتە کومەڵگا جیاوازی بیروڕا وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان. بێگومان بەبوونی سەرۆکێکی وەک مسرور بارزانی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و بەدڵسۆزی وهەوڵدانی جەنابیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بنبرکردنی رۆتینی ئیداری وهەوڵدانی جدی بۆچاکسازی ولاتەکەمان بۆ ساڵی نوێ ئێمەی لاوان زیاتر گەشبین وهیوادارین کە ئەو هەموو بەڵێنانەی دراون بۆ ئەوەی بەدی بهێنرێن و ببینە هۆی ئاسوودەیی هاوڵاتیان.

کورد وەک ئەکتەرێکی بێ دەوڵەت و کاریگەرە ناوچەکە و جیهاندا


هۆزان قادر

باروودۆخ و کەش و هەوای سیاسی ناوچەکە و جیهان لەبەردەم چەندین ئاڵنگاری گەورەدایە و گۆڕانکارییەکان پێمان دەڵێن کە ئەگەری دووبارە وێناکردنەوەی سیستمی جیهانی لەڕووی ئابووری و جیۆگرافییەوە لەئارادایە. لەم پێوەندیەدا کە تەواوی ولاتانی خاوەن هەژموون و ستراتیجەکانی ناوچەکە و جیهان سەرقاڵی دارشتنەوەی ستراتیجی خۆیانن لەپێناو زۆرترین دەسکەوت و لێکەوتی دوای جەنگ و ململانێکان گرنگە کە کورد وەک ئاکتەرێکی بێدەوڵەت کە جێدەست و کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر ئەنجامی هاوکێشەکان پەلە بکات لەدارشتنەوەی ستراتیجی خۆی بۆیە پاش ئەم قۆناغە ڕاگوزەرەی ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، لەم دۆخەدا ئەگەر بابەتی دارشتنەوەی ستراتیج لە ئەولەوییات دانەنرێت کورد دەبێتە بەشێک لە ستراتیجی زلهێز و خاوەن ستراتیجەکانی ناوچەکە.

بەشداری کورد لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا لەبوارەکانی ئاسایش و سەقامگیری، ئابووری و کلتوریبەکاندا وەک هێزێکی نەرم ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشچوونی کەیسی کورد لەناوندەکانی بڕیاری جیهاندا، لەوەها دۆخێکدا فرە ڕەهەندی زۆر گرنگە، پێویستە کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن پیرۆزی و بەها خۆی نیشانبدات و بەجیهان بڵێت، منم کە لەچوارچێوەیەکی داخراو و بێ سەروەریدا وەک "دەوڵەت" نوێنەرایەتیی جیهان دەکەم لەبوارەکانی پێکەوەژیان، ئاشتی، مافی مرۆڤ، پەنادانی لێقەوماوان و جەنگی تیرۆر.

لەم پێوەندییەدا خۆشبەختانە شانەی دیپلۆماسی و سیاسییەکانمان ڕۆڵی بەرچاو و گرنگیان بینیوە کە کۆتا جار سەردانی شانۆیکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئایکاپ لە مالیزیا کە لە میانەی بەردەوامیی کۆنفراسەکەدا ئاڵای پیرۆز و ڕەمزی گەل و نەتەوەکانی کوردستان لەسەر باڵاخانەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردووە بە چاکسازیەکی باش لە گشت بوارەکاندا بەڵام هیوادارم لە بەرنامەی ساڵی نوێدا زیاتر بەرە بەرەوپێشبردنی کەرتی تەندروستی وکارەبا وپەروەردە بدات. هەروەها هەوڵی زیاتر بدات بۆ نەهێشتنی رۆتین لەکاروباری هاوڵاتیان. هەروەها ئاواتەخوازم کە زیاتر خزمەت بە بوژاندنەوەی گوندەکان بکرێت بەتایبەتی سنووری ناحیەو قەزاکانی ناوچە شاخاوی و دوورە دەستەکان بۆ ئەوەی زیاتر کەرتی ئابوری وپیشەسازی وڵاتەکەمان پێشبکەوێت .

کۆنفراسەکە شانبەشانی ئاڵای وڵاتانی بەشداربوو کە پێک هاتبوون لە 31 وڵات هەڵکرا.

پێویستە کورد بەوردی کەڵک لەگرنگییپێدان و مامەڵەی وڵاتان وەربگرێت و وەک هێزێکی دیپلۆماسی سودیان لێ ببینێت، لەم دۆخە هەنووکەیی و ڕاگوزەرەی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت گرنگە لێکەوتەی خۆمان دیاری بکەین و پەرە بەهێزی دیپلۆماسی خۆمان بدەین.

لەپاڵ ئەم کاریگەرییەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، لەئاستی ناوخۆشدا یەکگوتاری و هەماهەنگی لایەنەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و چارەنوسسازەکان گرنتی مانەوە و پێشڤەچوونی کەیسەکەمانە بە بەهێزی، گرنگە پیرۆزییەکان پیرۆزی هەموان بن نەک لایەنێک نمایندەیەکی تەواوی گوتاری نەتەوەیی بکات و لای بەشەکەی تر نەتەوە و ئاڵا بابەت نەبێت. نەبوونی یەک گوتاری ئەو پنتەیە کە کۆمەڵگاکان لێیەوە لێک هەڵدەوەشێن لەڕووی فکری و فەرهەنگییەوە.

هەبوونی ئەو هەموو حزبە سیاسییە ئیسلامییە لەپای چی؟!

ئەسرین عاسی شوانی

بوونی حیزب و گرووپی سیاسی ئیسلامیەکان لە ئێستای بارودۆخی کورد و لە کوردستان هیچ مانایەک و لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت کە شایانی ئەوە بێت بەو فرەییە کە سیاسیە ئیسلامیە کوردیەکان بڕەوی پێ بدەن.

جارێ کورد لە ئێستادا کە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دایە جگە لە خەباتی نەتەوایەتی و ناسیونالیستی کوردی نە پێویستی بەوە هەیە بزووتنەوەی ئاینی بڕەو پێ بدات نە پێویستی بەوەیە خەباتی چینایەتی بکات لە بەر ئەوەی وەک ئاماژەمان پێدا کەوا گەلی کورد قۆناغی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی بەناوی جۆراوجۆرەو بەپەیڕەو کردنی سیاسەتی جۆراوجۆر لە پای چی لەکاتێک دا هەموو موسڵمانێکی کورد مومارەسەی ئاین و بڕوای خۆیان دەکەن تا ئێستا کەسێک ڕێی پێ تەنگ نەکردوون لەسەر بڕوابوونی ئاینیان بڵێن بەری چاویان کلی پێوەیە،

کەواتە ئەوەی دەکرێت ئەگەر زیادە نەبێت شک و گومانی نییە کە دەسیسەی داگیرکاران و دوژمنانی کوردە کە دروستیان کردووە بە ناوی ئیسلامەوە لە کاتێک دا کە کورد لەم هەرێمەی باشووردا جۆرە سەربەخۆییەکی بە خەباتی پێشمەرگایەتی و خوێنی شەهیدان بەدەست هێناوە و هێشتا بە ڕزگاری نیشتیمانی نەگەیشتوە و هێشتا مەترسی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان وەک مۆتەکە لەسەر دڵمانن دەکرێت جارێ ئەوەی خۆی بەکورد دەزانێ و دڵی بۆ خاک و گەلەکەی دەهێشێت ببر لە هیچ جۆرە ئایدیایەکی غەیری نەتەوەیی نەکاتەوە جگە لە هەوڵی دەستە کۆمەڵی بۆ ڕزگاری نیشتمانی.

دیارە دوای بڕینی ئەو قۆناغە هەستیارە کە ڕزگاری نیشتمانیە بیروبۆچونە جیاوازەکان دەتوانن خەباتی ئاینی یان چینایەتی بۆ بنیاتنانی ولات بڕەو پێ بدەن نەک ئێستاکە کە خۆمان هیچ لە تۆپشەبەرەکەمان دا نیە دەیان کلکمان بەدوای خۆمان دا ڕست کردووەو کێشە بۆ ئەرکە قورسەکەی ڕزگاری نیشتمانی دروست دەکەین.

بۆیە دەپرسین لە ئێستادا کێ و کام کوردی موسڵمان لەم هەرێمە لەسەر ئیسلام بوونی یان چوونی بۆ مزگەوت و بۆنە ئاینیەکان ڕووبەڕوی لێپرسینەوە کراوەتەوە ئەی کەواتە بوونی ئەم هەموو حیزبە سیاسییە ئیسلامییە لەپای چی؟.

www.xebat.net
ژمارە (5899) 2019/12/24 ساڵی سێ شەممە



پرۆژەی نورد ستریم 2

ئەوروپییەکانی بەسەر دووبەرەدا دابەش کردووە و ترەمپیش لێی نیگەرانە

ئا: خالید گەردی

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی دروستکردنی پرۆژەی "نورد ستریم-2" ئەڵمانیا و هەندێ وڵاتی ئەورووپی بە تووندی پشگیریان لەو پرۆژەیە دەربڕی، هەرچی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاشە نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر پرۆژەکە دەربڕی.پێشبینی دەکرێت توانای بۆڕی ناردنی گازی ڕوسیا لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە لەسەرەتای ساڵی 2020 نزیکەی (55) ملیار سێ جا بێت، ئەمەش وا دەکات توانای ناردنی بۆڕی "نورد ستریم- 1 کە بەهێزەوە گازی ڕوسیا لە لە کەنارەکانی دەریاوە بۆ ئەڵمانیا دەگوازێتەوە.

دوو هێندە زیاد بێت.ئەو وڵاتانەی کە بۆڕییەکانی گواستنەوەی گاز بە خاکەکەیاندە تێپەڕ دەبێت بریتین لە ڕووسیا و فینلەندا و سوید و ئەڵمانیا و دانیمارکە، هەرچی وڵاتی ئۆکرانیایە سەرەڕای پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی لەگەڵ ڕووسیا، بەڵام دوای ئەوەی ئۆکرانیاو مۆسکۆ یاداشتێکی لێک تێگەیشتنیان لە نێوان خۆیان واژوو کرد، ئۆکرانیا ڕەزامەندی دەربڕی لە ساڵی 2020 بۆڕییەکە بەخاکەکەیدا تێپەڕێت.تیبری بروسی توێژەر لە پەیمانگای ئۆکسفۆرد پێی وایە لەبەر پاشەکشەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەلایەک و سەختی زیادکردنی بڕی هێنانی گاز لە نەرویج یا باکووری ئەفریقیا بۆ وڵاتانی ئەورووپا، گومانی تیا نییە ئاستی هاوردەکردنی گاز بەرز دەبێتەوە، ئامانجی سەرەکیی بەڕێرسانی پرۆژەی "نورد ستریم-2"یش بەم ئاراستەدایەو لە هەوڵی دوو هێندە کردنی بڕی گەیاندنی گازن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، کە بە پێی پێشبینی کردنەکانیان لە 20 ساڵی داهاتوو وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بەهۆی زۆربوونی داواکاری لەسەر گاز، پێویستیان بە هاوردەکردنی بڕی (120) ملیار سێ جا گاز دەبێت. هەرچەندە توێژەروانی دیکە لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆک نین و پێشبینی ناکەن پێویستی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە ئایندە بگاتە بەو بڕە زۆرە گازە. کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جارەکی سێیەکی ساڵی 2018بڕی (47%) پێداویستی گازی سروشتی وڵاتانی ئەورووپا لە وڵاتی ڕووسیا، (34%) لە وڵاتی نەرویج، (11%) لە باکووری ئەرفریقیا دابین کراوە.

ئەروپییەکان هەڵوێستیان لەیەک جیایە

کۆمسیۆنی ئەوروپا لەبەر ئەوەی ناتوانێت لە دژی بوەستێت، زۆر بە هۆشداریيەوە مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکە دەکات، تەنیا مەبەستیەتی لەوە دڵنیا بێت کە لەگەڵ یاساکانی بازاڕی وزەی ئەورووپا دەگونجێ، بە تایبەتیش لە ڕووی کێبڕکێ کردنەوە.هەندێ لە چاودێرانیش پێشنیاریان کردووە چاو بە سیاسەتی گاز بخشێنرێتەوە و دڵنیابن لەوەی ئەو گازەی بۆ ئەورووپا دێت ڕێز لە بازاڕی یەکگرتووی وزە دەگرێت لە ڕووی شەفافیەتی نرخ و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکە.پۆلەندەو هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بە تووندی دژی پرۆژەی "نورد ستریم-2" وەستاونەتەوە، پرۆژەی "نورد ستریم-"2 بەشدارن.

بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا

ئەمەریکا کە بەیەکێک لە بەرهەمهێنە گەورەکانی گازی سروشتی دادەنرێت، بەم دواییە بە هاندانی لە لایەن دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا سیاسەتی بازرگانی دژیانەوەی بازاڕی نوێی گرتۆتەبەر، بەڵام بەهۆی گرانی نرخەکەیەوە هەناردەکردنی گازی ئەمەریکا تووشی گرفت بووە، هەرچەندە کۆمسیۆنی ئەورپی ڕایگەیاند ئاستی هەناردەکردنی گازی سروشتی ئەمەریکا لە کۆتاییەکانی ساڵی 2018 بۆ وڵاتانی ئەورووپا ڕووی لە زیادبوونێکی بەرچاو کردووە گەیشتۆتە ئاستی دابین کردنی بڕی (3%) پێویستییەکانی، کە تا ئێستا گازی سروشتی ئەمەریکا تەنیا بۆ بازاڕەکانی ئەمەریکای باشوورو ئاسیا ڕەوانە دەکرێت.کۆنگریسی ئەمەریکاش بڕیاری سەپاندنی سزای بەسەر بۆڕی گازی ڕووسیا "نورد ستریم-2" سەپاند کە واشنتۆن پێی وایە ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی زیادتربوونی نفوزی ڕووسیا بەسەر وڵاتانی ئەورووپاوە.وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا سەرکۆنەی سزاکانی ئەمەریکای لە دژی پرۆژەی "نورد ستریم-2" کردو بڕیارەکەی تەرەمپی بەرێگریکردن لە گەشەکردنی وڵاتانی دیکە ناوبرد.

* **سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەوال**

وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقا واز لە دراوی کۆلۆنیاڵی فەڕەنسا دەهێنن



هەشت وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی دراو و ئابووری ڕۆژئاواوای ئەفریقا لە ساڵی 2020ەوە کۆتایی بە بەکارهێنانی فرانک دەهێنن کە 74 ساڵە بەکاری دەهێنن و میژووەکەی بۆ سەردەمی کۆلۆنیاڵ دەگەڕێتەوە و یەکەی دراوی هاوبەش جێگای ئەو دراوە دەگرێتەوە.

سەرکۆماری کۆتدیڤوار، ئالاسان کواتترا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لەگەڵ سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لە شاری ئابیدجان گەورەترین شاری کۆتدیڤواره، ڕایگەیاند کە هەشت وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی دراو و ئابووری ڕۆژئاواوای ئەفریقا بڕیاری چاکسازییان داوە لە بارەی فرانکی CFA و لە ساڵی داهاتووەوە واز لەو دراوە دەهێنن کە لە 1945ەوە بەکاری دەهێنن و یەکەی دراوی ئیکۆ بەکاردەهێنن و گوتی: "هەروەها وڵاتانی ئەندام پەیوەندییە تەکنیکییەکانیشیان لەگەڵ گەنجینە و بانکی ناوەندی فەڕەنسا دەبڕن، خۆیان یەکەی دراوی نوێ بەڕێوە دەبەن. بەهای ئیکۆش وەک فرانکی CFA بە یورۆ جێگیر دەکرێت". ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە تاکو ئێستا فرانکی CFA ئامرازێکی گرنگ بووە و گوتی: "بەڵام دەبێت بۆ پتەوترکردنی دینامیکی چاکسازی وردتر ئەنجام بدەین و توانای کڕین و فرۆشتن لەلایەن گەلەکەمانەوە بپارێزین".

لە سیستەمی ئیکۆدا نوێنەرانی فەڕەنسا لە بانکی ناوەندی ڕۆژئاواوای ئەفریقا، کۆمیسیۆنی سیستەمی بانکی و ئەنجوومەنی سیاسەتی دراو دەکشێنەوە. هەروەها کۆنتقۆڵکردنی لەسەدا 50ی یەدەگی گۆڕینەوەی دراوی وڵاتانی ئەفریقاش لەژێر دەستی بانکی ناوەندی فەڕەنسا نامێنێت. لەلایەکی دیکەوە فەڕەنسا لە کاتی قەیرانەدا وەک وڵاتی دڵنیاییدەر بەردەوام دەبێت. ئەگەر وڵاتانی بەکارهێنەری ئیکۆ نەیانتوانی یەدەگەکانیان بدەنەوە فەڕەنسا بەو کارەدە هەڵدەستێت، بەڵام مافی گەڕانەوە بە ئەنجوومەنی سیاسەتی دراو دەدرێت. ئاماژە بەوە دەدرێت جێگری بەهای دراوەکان بەپێی کات دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت. 14 وڵاتی ئەفریقا کە ئەندامن لە یەکێتیی دراو و ئابووری ئەفریقای ڕۆژئاوا و کۆمەڵەی دراو و ئابووری ئەفریقای ناوەڕاست لە سەردەمی کۆلۆنیالییەوە تاکو ئێستا دوو جۆری جیاوازی فرانکی CFA بەکاردەهێنن.

ئیکۆ تەنها لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی دراو و ئابووری ڕۆژئاواوای ئەفریقا کارپێکراو دەبێت کە بریتین لە؛ بێنین، بورکینا فاسۆ، گینێ بیساو، کۆتدیڤوار، مالی، نێجیریا، سەنیگال و تۆگۆ.

مانشێت



سکای نیوز:
لە بەیاننامەیەکدا سوپای ئەمەریکا ڕایگەیاند کە لە شەڕێکدا لە ئەفغانستان سەربازێکی کوژراوە، بزووتنەوەی تاڵیبانیش هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە.



ئەی ئێف پی:
پۆلیسی نیوزلەندا ڕایگەیاند ژمارەی قوربانیانی گرکانی دوورگەی وایت ئایلاند بۆ 19 کوژراو بەرزبووەوە.



ئیلاف :
لە بەندیخانەیەکی هیندۆراس و لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکدادان لەنێوان پۆلیس و ژمارەیەک بەندکراودا 18 کەس کوژران .



ڕۆیتەرز:
ئەنجامە بەرایيەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەفغانستان دەریدەخەن کە سەرۆکی ئێستای ئەو وڵاتە بە جیاوازیەکی کەم لە پێشەوەی کاندیدانی تر .



ڕۆژنامەی ئەڵمانیا:
بە گوێرەی سەرچاوەکان، لە سەرەتای ساڵی داهاتوو، پاپای ڤاتیکان بەنیازە سەردانی قودس و بێت لەحم و ناسرە بکات.



کەنەڵی ئار تی :
وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی ئامادەیە موشەکی سارماتی ستراتیژیی لە بەردەمی ئەمەریکیەکان تاقی بکاتەوە .



چەند ڕێنماییەک بۆ ئاژەڵداران

کێڵگەی کراوە لە 6 -8 کاتژمێر ڕەت بدات ئەو کار و بەرخانەی تەمەنیان لە 45ڕۆژ کەمترە چاودێری ئالیکەکانیان دەکرێت.

ئەو کەسانەی مەڕ و بزن بەخێودەکەن پێویستە لەم مانگەدا ئەو ڕێنماییانە ڕەچاوبکەن:-

یەکەم- کار و بەرخەکان لە سەرما و تەوژمی بای سارد بپارێزن بۆ ئەوەی توشیی نەخۆشییەکانی زستانە نەبن.

دووەم- گرنگیدان بە وشکی شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵەکان بۆ تۆشنەبوونیان بە نەخۆشیی.

سێیەم- ئاژەڵی نەخۆش بە خێرایی لە ئاژەڵی ساغ جودا دەکرێتەوە و پێنجەم- ئاژەڵەکان لە ڕۆژە خۆشەکاندا بۆ لەوەڕاندن دەبردرێن و شەوانیش لە شوێنی حەوانەوەی خاوێن و داخراو دادەکرێن کە تەوژمی بای سارد نەیانگرێتەوە.

شەشەم- نابێت ماوەی لەوەڕاندن لە ئەنتیبایۆتیکیان پێ دەدرێت.

چوارەم- لە وەرزی زستاندا گرنگی بە ئالیکی ئاژەڵ دەدرێ و دەبێت هاوسەنگی لە نێوان ئالیکی خەست و وشک بکرێت بۆ پاراستنی تەندروستیی ئاژەڵەکان.

حەوتەم- پشت بە لەوەڕاندن دەبەستین لەم ماوەیە بۆ ئالیکدانی ئاژەڵەکانمان تەنها لەو کاتانە نەبێت کە کەشوهەوا نا لەبارە ئەو کات ئالیکی خەستیان پێ دەدرێت.



کردارە کشتوکاڵییەکانی

باخی هەنار

لە وەرزی زستاندا

خزمەتکردنی داری هەنار لە وەرزی زستاندا بریتی دەبێت لە زیادکردنی مادەی ئۆرگانی و پەینی کیمیایی بۆ خاک بە مەبەستی باشکردنی خەسڵەتەکانی خاک و نەشوفایەکی باشی دارەکان و زۆربوونی بەرهەمەکەی یان بۆ پاراستنی توانای بەرهەمهێنانی دارەکە. بۆ زیادکردنی پەینی ئۆرگانی یان کۆمپۆست، چاڵێک بە قوڵایی 50سم 50 *سم لێدەدرێت، کۆمپۆست یان پەینەکەی تێدەکرێت و بە باشی تێکەڵ بە پەینی کیمیایی دەکرێت بە بڕی جیاواز بە گوێرەی تەمەنی دار و جۆری خاکەکە. ئەو چاڵە لە شوێن کۆتایی سێبەری دارەکە دەبێت ئینجا چاڵەکە پردەکرێتەوە و ئاوەانێکی باشی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی شێی پێویست بۆ شیبوونەوەی پەینە ئۆرگانیەکە دەستەبەر بێت.

سوودەکانی ڕەشکە



ڕەشکە چەندین سوودی گرینگی هەیە وەک"

کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن:

لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن کە ڕەشکە ڕۆڵی هەیە لە دابەزاندنی بەرزی پەستانی خوێن ,ڕێژەی کۆلیسترۆلی زیان بەخش لە جەستەدا کەمدەکەنەوە بەهۆیی هەبوونی ترشە ئەمینیەکان و پرۆتین و کاربۆهیدرێت و ڕیشاڵ لەپێکهاتەکەیدا.

ڕێنوێنی دەکەن کە 100 -200 ملیگرام لە وەرگیراوی ڕەشکە لە ڕۆژێکدا دوو جار بۆ ماوەی دوو مانگ بخورێت، هەروەها دەکرێ یەک پەرداغ ئاو تێکەڵ بە زەیتی ڕەشکە بکرێت و بەگەرمی بخورێتەوە.

هەوکردنی قورگ

ڕەشکە چارەسەرە بۆ هەوکردنی قایرۆسی قورگ، بەشێوەیەکی کاریگەر هەوکردن کەمدەکاتەوە و بەکار دێت بەشێوەی تێکەڵکردنی یەک کەوچکی بچووک لە ڕەشکە لەگەڵ هەنگوین و گوشراوی لیمۆ ئەو تێکەڵەیە دوو جار لەڕۆژێکدا دەخورێتەوە.

دووركەوتنەوە لە نەخۆشیەکانی دڵ:

ڕەشکە مەترسی توشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و خوێنبەرەکان کەمدەکاتەوە، لە هەمانکاتدا تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و میشک دوورەدخاتەوە. دەکرێت بەکار بێت لەڕێگەی تێکەڵکردنی کەوچکێکی بچووک لە زەیتی ڕەشکە لە گەڵ پەرداخێک ئاو پاشان خواردنەوەی ئەو گیراوەیە پێش نانی بەیانیان. گوشراوی تۆوی ڕەشکە هاوکارە بۆ باشکردنی پەستانی خوێن بە خواردنی دوو گرام ڕۆژانە .

ئارەزووی خواردن بۆ جۆری خۆراک یان بۆ بۆهێلەکان دەگەڕێتەوە؟



سەوزە و میوەکان پێکهاتەی بنەڕەتی سیستەمی خۆراکی تەندروست و هاوسەنگن لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئێمە ئارەزووی خواردنی هەندێک جۆر سەوزە ناکەین. لێکۆڵینەوەیەکی ئەمەریکی ئاشکرایدەکات بۆهێلەکان (جینەکان) بەرپرسیارن لە حەز و ئارەزوو بۆ تامی سەوزە یان نەویستنی تامەکەی.

لە سەرتاسەری جیهاندا سەوزە بە کۆلایی و بە خاوی بە ژەمی تەندروست هەژمار دەکرێت، هەر کەسێک بە دوای خۆراکێکی تەندروست بگەڕێت یان مەبەستی بێت کێشی کەم بکاتەوە سەوزە بە توخمێکی سەرەکی ژەمە ئامادەکراوەکان دێت کە شارەزایانی بواری خۆراک لە سەرتاسەری جیهاندا بۆی پێشنیاری دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە ئێمە سووەکانی سەوزەش دەزانین، بەڵام بەردەوام هەوڵی دوورکەوتنەوە لەو جۆرە خۆراکە دەدەین ئەویش یان بەهۆی تامەکەیەتی یان نەبوونی ئارەزووی خواردنی.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ژێر سەرپەرشتی زانکۆی کنتاکی ئەمەریکی ئەنجام دراوە دەردەکەوێت کە ئێمە بۆهێلی گۆڕاوی تایبەت بە تامکردن لە باوانەوە وەردەگرین. هەموو مرۆڤێک بۆهێلی تامکردن (TAS2R38) لە باوانەکانیان وەردەگرن، ئەوەو دوو جۆری جیاواز لەو بۆهێلە هەیە، توێژەران ناوی یەکەمیان ناوە AV1 و ناوی دووەمیش بە PAV.

ئەو کەسانەی بۆهێلی گۆڕاوی جۆری AV1 یان هەیە هەستیاریان نییە بەرامبەر بە تامی تاڵی هەندێک مادەی کیمیایی، بەڵام ئەوانەی بۆهێلی جۆری دووەمیان هەیە PAV ئەوانە زۆر هەست بە تامی تاڵی خۆراک دەکەن. ئەو بۆهێلە کاریگەری لەسەر خانەکانی تامکردنی زمان هەیە، تامی تفتی هەندێک خۆراک زۆر بە زەقی لەلایاندا دەردەکەوێت، ئەوەش هۆکارە کە هەندێک کەس هەست بە نارەحەتی دەکەن لە کاتی خواردنی بڕێکی باش لە سەوزە یان هەر بەیەک جارەکی لە خواردنی سەوزە دوور دەکەونەوە.

توێژینەوەکە لەسەر 175 کەس ئەنجام درا، توێژەران بینیان ئەوانەی دوو لەبەرگیراوەی بۆهێلی گۆڕاوی PAVیان هەیە کە تایبەتە بە تامی تاڵ ئەوانە بڕێکی زۆر کەم سەوزە دەخۆن.

لێکۆڵینەوەکە ئامۆژگاری دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر تامی تاڵی خۆراکەکان پێویستە مادەی تامخۆشکەر یان بەهارات بەکار بێت، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە مرۆڤ دەبێت سەوزە بخوات چونکە مادەی زۆر گرنگی تێدایە کە جەستەی مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت دروستی بکات. شارەزایان ڕوونیدەکەنەوە بۆ ئەوەی تەمەنێکی درێژ و تەندروست بژیت پێویستە خۆراکێکی تەندروست بخۆیت کە پێکدێت لە سەوزە و میوە، بەوەش دوور دەکەویتەوە لە ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیی وەک نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان و خەرەفان و ڕۆماتیزم (باداری).

لە لایەکی دیکەدا پێگەی ئەلیکترۆنی (لایف کلۆپ)ای ئەڵمانی کە گرنگی بە خۆراکی دروست دەدات جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ڕێژەی سەوزە و میوە بە تایبەتی ئەوانەی شیرینن نابێت لە 20 لە سەدای ژەمی خۆراکمان ڕەت بدات، چونکە ئەو میوە شیرینانە فراکتۆزیان تێدایە کە لە جەستەدا دەگۆڕێت بۆ شەکر و کێش بەرز دەکاتەوە.

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کاریگەری لەسەر ڕووەک



لەم ماوەیەدا ناوچە کشتوکاڵییەکان دووچاری بەرزی و نزمی لە پلەی گەرمی دێن بە شێوەیەک کە پلەی گەرمی بە ڕادەیەکی زۆر دادەبەزێت و پاشان پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە و ئینجا دووبارە دادەبەزێتەوە و (با)یەکی سارد هەڵدەکات لەسەر بەروبوومە چێندراوەکان. گۆڕانکاری کەشوهەوا کاریگەرییان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە و پەیوەستە بە تەمەنی ڕووەک و شێوازی چاندنەکەی. بەشێوەیەکی گشتی ناجێگیری کەشوهەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەی ڕووەک دەبێت بەو پێیەی کاریگەری لەسەر تێکڕای هەڵمژین و دروستکردنی خانەکان دەبێت. لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی پێشوەختەی نەوەی یەکەمی میێرووەکان و لەسەر خولی یەکەمی هەندێک لە نەخۆشییەکان دەبێت. کاریگەری ڕاستەوخۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بریتی دەبێت لە خێرا بڕینی قۆناخەکانی فسیۆلۆجی واتا ڕووەک زووتر دەگاتە قۆناخەکانی گوڵکردن و بەرگرتن و وەرگرتنی ڕەنگ بۆ نموونە زوو دەرکەوتنی گوڵە گەنم و جۆ.

فیلیپی لویس: لیڤەرپوول شایستەی نازناوەکە بوو

فیلیپی لویس، بەرگریکاری لای چەپی یانەی فلامینگۆی بەرازیلی، پیرۆزبایی لە یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزیی کرد، دوای بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالی یانەکانی 2019 لە قەتەر، دوای بردنەوەی لە یاری کۆتایی لە تیپە بەرازیلییەکە بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ وەڵام.
لویس دوای یارییەکە لێدوانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دا و گوتی: چەند دەرفەتێکی گۆڵ تۆمارکردنمان لە دەستدا، بەڵام ئەوان دەرفەتەکەیان قۆستەوە، بۆیە دەبێت پیرۆزباییان لێ بکەین، چونکە ئەوان شایستەی نازناوەکە بوون. هەروەها گوتی: ئێمە رووبەڕووی پاڵەوانی ئەوروپا و یەکەمی پریمەرلیگ بووینەوە. گوتیشی: لیڤەرپوول تیپێکی نایابی هەیە، سێ هێرشبەرەکەی (سەلاح، مانێ و فیرمینیۆ) لەگەڵ چەند بەرگریکارێکی بە توانا، زێدەباری دوو باڵەکە، کە بەردەوام هێرش دەبەن. لویسی تەمەن 34 ساڵان و یاریزانی پێشووی ئەتلەتیکۆ مەدرید دووپاتی کردەوە: فشارێکی زۆر لەسەر یاریزانانی تیپەکەمان هەبوو، کە پاڵەوانی بەرازیل و کوپا لیبەرتادۆریسە، چونکە تیپەکانی ئەوروپا، زۆر بایەخ بەو نازناوە نادەن. لە کۆتاییشدا گوتی:"فلامینگۆ چاوی لەوەیە، هەمان دەستکەوتی ئەمساڵ دووبارە بکاتەوە و رکابەریی لەسەر هەموو نازناوەکانی وەرزی داهاتوودا بکات.

ڕەمزی میرەکانی





نوێنەرایەتی کەرکووکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان دوو پاڵەوانی شارەکە خەڵات دەکات

خەبات: ئارام شێرکۆ

نوێنەرایەتی کەرکووکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانی هەستا بە خەڵات کردنی دوو پاڵەوانی شاری کەکووک، کە توانیویانە لە پاڵەوانێتی ئاسیا لە تورکیا مەدالیای ئالتوونی بۆ شارە کە بهێننەوە.
نەوزاد قادر سەرۆکی نوێنەرایەتی کەرکووک لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان هەستا بە خەڵات کردنی محەمەد شەمسەدین و میدیا خانی خێزانی کە دوو پاڵەوانن لە سەر ئاستی ئاسیا، محەمەد شەمسەدین ئێستا بەهێزترین پیاوی ئاسیایە و تەنویەتی 9 مەدالیای ئالتوون بە دەست بهێنێت، هاوسەرەکەشی میدیا خان کە یەکێکە لە ئافرەتە پاڵەوانەکانی ئاسیا لە کێشی +85 توانیویەتی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و ملوانکە ئالتوونی دەستەبەر بکات.
سەرۆکی نوێنەرایەتی کەرکووکی لیژنەی ئۆڵۆمپی لەمبارەیەوە گوتی: پاش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر گەرانەوەمان بۆ شارەکە و کردنەوەی بارەگای نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بەردەوام کاروچالاکییە وەرزشییەکان ڕوویان لە زیادی کردوە لە ئێستاشدا ئێمە خۆمان زۆر بەخۆشحاڵ دەزانین کە یەکێک لە پاڵەوانە هەرە بەتوانەکانی ئاسیا لە کەرکووکە.
هەروەها گوتی: ئێمە خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە توانیمان ئەو دوو پاڵەوانە لە شاری کەرکووک خەڵات بکەین ئەمەش بۆ ئێمە جێگای شانازییەکی گەورەیە هیوادارین بتوانن لە پاڵاوانیەتییەکانی تریش سەرکەوتوو بن بۆ بە خاوەنی خەڵاتی باشتر و بەناو بانگتر.



کارلۆ ئەنچیلۆتی وەک ڕاهێنەری نوێی یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزیی دەستنیشانکرا

سوڵێمان سلێمان

یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزیی ڕایگەیاند کە شەممەی داهاتوو کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتاڵی وەک ڕاهێنەری یانەکەیان دەستبەکار دەبێت و گرێبەستەکەشی بۆ ماوەی 4 ساڵ دەبێت.
لەمبارەیەوە ئەنچیلۆتی ڕوونی کردەوە لەو ماوەیەی کە بینەری کارەکانی ئێڤەرتۆن بووە لەو دوو هەفتەی ڕابردوودا زۆر بەباشی هەستی بە بەهێزی یاریزانانی کردووە، ئەنچیلۆتی لە کێبرکێی خولی پاڵەوانێتی ئەوروپا 3 سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، وا دادەنرێت کە ئەنچیلۆتی بەرچاوترین ڕاهێنەرە لە چاو ڕاهێنەرەکانی تر لە مەیدانی ئەوروپی، و بە ئەزموونترین ڕاهێنەری تۆپی پێشە، کە تەمەنی 60 ساڵە.



دیبالا گۆڵکاری سووپەری ئیتاڵی

پاولۆ دیبالای ئەرژەنتینی و ئەستێرەی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی لە یاریەکەیان بەرامبەر لازیۆ لە جامی سوپەری ئیتاڵی توانی گۆڵێک تۆمار بکات.
تۆڕی ئۆتا بۆ داتاکان ڕوونی کردەوە کە دیبالا بە تۆمارکردنی ئەو گۆڵە، ژمارەی گۆڵەکانی گەیشتە 4 گۆل لە پێشبڕکێیەکانی سوپەری ئیتاڵی و بەمەش هاتە پێشەنگی گۆڵکارانی سوپەر لە میتزووی ئیتاڵیا و پێش هەریەک لە شفیشینکۆ و ساموێل ئیتۆ کەوتەوە کە هەریەکەیان لەو کۆتاییانەدا 3 گۆڵیان تۆمار کردووە.

بەرشلۆنە ڕەتی کردەوە دەستبەرداری ڤیدال بێت

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕەتی کردەوە دەستبەرداری ئارتۆر ڤیدال بێت و بیفرۆشێتە یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی.
ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ ڕوونی کردەوە کە ئارنستۆ ڤالڤێردی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە و ئیریک ئەبیدالی بەڕێوەبەری وەرزشی بڕوایان بەوە هەیە کە ڤیدال توانایەکی جیاوازی لەگەڵ تەواوی یاریزانەکانی دیکە هەیە و توانایەکی جەستەیی بەهیزی هەیە، هەربۆیە کە بوونی ئەو یاریزانە لە کورسی یەدەگ لەتوانایدا هەیە هەرکاتێک بیبەیتە ناو یاریگا، لەتوانایدا هەیە ئەنجامەکان بگۆڕێت، بۆیە ڕەتی دەکەنەوە ئەو یاریزانە بفرۆشنە یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.24. Dec. 2019 No: (5899)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





(پێشمەرگە و سەرۆک)

ئامادەکردنی: رەنجبەر حاجی

ئەم پەرتووکە برتیە لە فیلمێکی دیکۆمێنتکاری کوردستان تیڤی لەبارەی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لەشەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش کە بەشێک لە سیاسەتمدارانی کوردستان و عێراق و بیانی و فەرماندە سەربازییەکان باس لە بایەخ و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی دەکەن لەو شەڕانەی کە بووە هۆکاری تێکشکاندنی هەیبەتی داعش.

(هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی سەرۆک بارزانی-یەوە)

ئامادەکردنی: ئاسۆ عەلی فەرەج

ئەم پەرتووکە 319 لاپەڕەیە بە هەر سێ زمانی(کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی). ناوەڕۆکی پەرتووکەکە بریتیە لە هۆشداریی و پەیامەکانی سەرۆک بارزانی و کۆی دیدارە دیبلۆماسی و دیداری ڕۆژنامەوانی لەبارەی سیاسەتی چەوتی عێراق و بەرپرسانی ئەو وڵاتە و پێشبینی کردنی ئەوەی عێراق بەرەو هەڵدێران دەچێت.

ئەمڕۆ سێ شەممە، کاتژمێر 3.30 خولەک لە هۆڵی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان -میدیا سەنتەر، بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە، مەراسیمی ناساندنی پەرتووکەکانی (پێشمەرگە و سەرۆک) لە ئامادەکردنی ڕەنجبەر حاجی، (هەڵدێرانی عێراق لە ڕوانینی سەرۆک بارزانی-یەوە) لە ئامادەکردنی ئاسۆ عەلی فەرەج، لەگەڵ سوپاسنامەو ڕێزلێنان لە هەڤاڵان (شکار عەفان نەقشبەندی) و (فەرید عالی خان شیوەزووری).

ئۆرکێستڕای کوردستان میوزیکی جیهانی و کوردی نمایشکرد





هەمزە سەرحان

لە هەولێر لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە باڵاکانی حکوومی و حزبی و پەرلەمانتاران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگایەندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر-بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی میوزیک، نمایشێکی سەمفۆنیای بە هاوبەشی بۆ هەردوو (ئۆرکێستڕای کوردستان) و (ئۆرکێستڕای جۆرجیا) ساز کرد.لەو چالاکییە هاوبەشەیەدا، لە ئێوارەیەکی پڕ جۆش و خرۆش و گەرموگوڕ لەو سەرەتای زستانەدا، نمایشی موزیکی جیهانی و کوردی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا و بووە جێی سەرسامی و ڕەزامەندیی ئامادەبووان.هەر لە چالاکییەکەدا چەندین هونەرمەند ڕێزیان لێ گیرا و خەڵات کران.شایانی باسە، کە لە کۆتایی ئەم وەرزی ساڵەدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر- لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی میوزیک، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان، بەشی چالاکیی وێژەیی، بەشی منداڵان، بەشی هونەر و ڕۆشنبیری سۆران، کۆیە، میرگەسۆر، ڕواندز، شەقڵاوە، چەندین فیستیڤاڵ و کۆڕبەند و دیدار و ئۆرکێسترا و پیشانگا و چالاکیی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی پێشکەش کردن و بە هەگبەی پڕیشەوە خۆی بۆ ساڵی ئایندە ئامادە کردووە.

Reklam

Asiacell

بەڵەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنی کاروچالاکییەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لە سەرجەم بوارەکاندا، داوا لە خاوەن کۆمپانیا شارەزاکانی تایبەت بەم بوارانەی خوارەوە دەکەین کە ناوی کۆمپانیاکانیان تۆمار بکەن لە پارێزگاکانی بەغدا و بەسرە و سلێمانی و کەربەلا و موسڵ و هەولێر و کەرکوک، بە مەبەستی تۆمارکردنیان بە شێوەیەکی فەرمی لە ئاسیاسێڵ و ڕاسپاردنیان بە ئەنجامدانی هەر کار و پرۆژەیەک کە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ پێویستی پێیان هەبێت.

ئەو بوارانەی کە پێویستن بریتین لە:

1. چاپخانە بۆ چاپکردنی بڵاوکراوەی سەر کاغەز و فلێکس.
2. کۆمپانیای بیناسازی (بنیاتنانی سەکۆی تاوەر و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی بیناکانی سەر بە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ) .
3. دابینکاری کەرەستەی بیناسازی (ئاوو ئاوەڕۆ و پێداویستی کارەبایی).
4. بەڵێندەرانی بواری بیناسازی و ڕێگاوبان.
5. دابینکاری ئەساسی ئۆفیس و ژووری پاسەوانی تاوەرەکان (بەتانی و جێی نووستن و پاشکۆکانی و دابینکردنی گەلوپەلی چێشتخانە).
6. دابینکاری ئامێری کۆمپیوتەر و پرینتەر و مەرەکەب و سکانەر.
7. دابینکاری پۆشاک و پێڵاو (پۆشاکی ئامادەکراو بۆ کارمەندانی هونەریی).
8. پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێل و تایە و باتری.
9. کۆمپانیای گەشت و گوزار و گواستنەوەی وشکانی.
10. کۆمپانیای کرێنی ووردەوالّە و ئاسنە شکاو و ئۆتۆمبێلی دەستی دوو وگەلوپەلی بەرکارهاتووی ناومالّ و شتی تر.
11. دیکۆرەیشن.
12. کێبڵی کارەبا و ئەلەمنیۆم و هەموو جۆرەکانی گەلوپەلی عەزل و ڕۆنی ئامێرەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە و گەلوپەل و کەرەستەی کارەبایی وتەندروستی و میکانیکی.
13. کۆمپانیای تایبەت بە بواری چارەسەرکردنی شی و ڕتوبەت و عەزلکردنی گەرمی.
14. سیستمی ئاگادارکردنەوە وئەلارمی ئاگرکەوتنەوە وگەلوپەلی ئاگرکوژاندنەوە و کەرەستەی پاراستنی سەلامەتی و پرکردنەوەی بوتڵەکانی ئاگرکوژاندنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە.
15. دانان و چاککردنەوەی سپلیت.
16. دانانی پەردەی پلاستیکی و کانزایی و قوماش.
17. کاری ڕێکخستن و دانانی سیستمی دەنگ و ڕەنگی ناو ئۆفیسەکان.
18. ئامێرە کارەباییەکان و ساردکەرەوەکان و دامەزراندنی سیستمی تەبرید مەرکەزی بۆ ژوورەکان و شوێنی موەلیدەی کارەبا.
19. بەڵێندەری گشتی و نوسینگەی ڕاوێژکاریی.
20. هێنان و دانان و چاککردنەوەی ئەسانسۆر.
21. کۆمپانیاکانی بواری پاکوخاوێنی و گەلوپەلی پاکژکردنەوە.
22. کۆمپانیاکانی بواری سکیوریتی و خزمەتگوزاریی پاراستنی ئاسایش (بۆ پارێزگاریکردن لە تاوەرەکان و بینا و باڵەخانەکانی سەر بە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ).
23. کۆمپانیاکانی بواری کامێرای چاودێری و ئامێرەکانی (x ray).
24. کۆمپانیاکانی چاککردنەوە و سیانەکردنی موەلیدەی کارەبا.
25. دابینکردنی بگۆڕی کارەبایی.
26. دابینکاری قرتاسییە.
27. دابینکاری کەرەستە کارەباییە هەمەجۆرەکان.
28. دابینکاری کەرەستە میکانیکییە هەمەجۆرەکان.
29. دابینکاری کەرەستە تەندروستییە هەمەجۆرەکان.
30. دابینکاری کەرەستەکانی دار و تەختە هەمەجۆرەکان.
31. کۆمپانیا و دابینکاری مۆبایل.
32. ئاژانسەکانی توێژینەوە.
33. کۆمپانیاکانی پرۆدەکشن.
34. ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن.
35. کۆمپانیاکانی ڕادەستکردنی بازرگانی کەرەستە ئەلیکترۆنییەکان.
36. دابینکاران لە دەرەوەی وڵاتەوە.
37. کۆمپانیاکانی دابینکردنی گەلوپەلی سەلامەتی.
38. کۆمپانیاکانی بواری بەبازاڕکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و بزنس.
39. کۆمپانیاکانی ئامادەکردن وپیشکەشکردنی خواردن وخواردنەوە وکاری هەوێر.
40. کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار و بریکارەکانی حیجزکردنی تکتی فڕۆکە و ئوتێل وگەشتەکان.
41. کۆمپانیا و ئۆفیسەکانی وردبینی ناوخۆیی و ڕاوێژکاریی دارایی و بەخشینی بڕوانامە و ساردانی خولی ڕاهێنان.
42. کۆمپانیاکانی بواری قرۆشتن و بەکرێدانی ئۆتۆمبێل (جا کۆمپانیای سەرەکی بێت یان بریکاری کۆمپانیا بێت).
43. دامەزراوەکانی بواری فێرکردن و دەرگا ڕۆشنبیرییەکان.
44. کۆمپانیاکانی دڵنیایی بە هەموو جۆرەکانییەوە.
45. کۆمپانیاکانی ئامادەکردنی گەلوپەلەکانی قرتاسیە.
46. کۆمپانیاکانی دابینکردنی سووتەمەنی ئاوەکان (غاز، گازوایل، نەوتی سپی، بەنزینی ئۆتۆمبێل) و گواستنەوەی سووتەمەنی.
47. کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە.
48. کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئامێری پارە بژاردن.
49. کۆمپانیاکانی دابینکردنی گەلوپەلی پزیشکی بۆ بەشی پاراستنی سەلامەتی.
50. کۆمپانیاکانی دابینکردنی فیلتەری ڕۆن و فیلتەری هەوای موەلیدەکان.
51. کۆمپانیاکانی دابینکردن و چاککردنەوەی کەرەفانەکانی ساندویچ پەنێڵ.
52. دابینکەران بۆ بازرگانی موزەخەی ئاوو و غەتاس و هەموو جۆرەکانی بۆری و پلێتی ئاسن و پلاستیک.
53. دابینکاران بۆ بازرگانی برغوو و ڕەبەڵ و گەلوپەلە دەستییەکان.
54. کۆمپانیاکانی کاری ئاسنگەریی.
55. کۆمپانیاکانی کاری ئەلەمنیۆم.
56. کۆمپانیاکانی کاری (pvc).

ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە دابینکار/ کۆمپانیاکەدا هەبێت:

1- کورتەیەک دەربارەی کۆمپانیاکە کە بە شێوەیەکی باش چاپ کرابێت و ژمارەی مۆبایل و ناونیشان و ئیمەیلی لەسەر بێت.
2- مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیاکە بە کۆپی ئەسڵی و مصدق کە ناوی کۆمپانیاکەی بە فەرمی تیادا تۆمار کرابێت لە بەشی تۆماری کۆمپانیاکان کە مانگێک زیاتری بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت.
3- گرێبەستی کۆمپانیاکە و هەر گۆڕانکاری و هەمواركردنەوەیەک لە گرێبەستەکەیدا (لەگەڵ هەبێت) بە کۆپی ئەسڵی و مصدق لە بەشی تۆماری کۆمپانیاکان کە مانگێک زیاتری بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت.
4- وێنەیەک لە کۆنووسی کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمپانیاکە کۆپی ئەسڵی و مصدق لە بەشی تۆماری کۆمپانیاکان کە مانگێک زیاتری بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت.
5- کۆپی مصدقی ناسنامەی کەسێتی بەڕێوەبەری کۆمپانیا و بەڵگەنامە تایبەتەکانی دەستنیشانکردنی بە بەڕێوەبەر، کۆپی ئەسڵی و مصدق لە بەشی تۆماری کۆمپانیاکان کە مانگێک زیاتری بەسەردا تێپەڕ نەبووبێت.

بەڵگەنامە داواکراوەکان بۆ تۆمارکردن لەم شوێنانەی خوارەوە وەردەگیرێت:

سلێمانی: شەقامی سالم/ بینای ئاسیاسێڵ/ نهۆمی چوارەم - ئۆفیسی سوار أحمد فخری (بەڕێوەبەری بەشی کڕین و فرۆشتن)
هەولێر: شەقامی حەکیم/ گەڕەکی نیشتیمان بەرامبەر سایلۆ/ باڵەخانەی ئاسیاسێڵ - ئۆفیسی بەڕێز داود لوبید / نهۆمی چوارەم.
بەغدا: الداودی - لقی شێف ستی - ئۆفیسی محمود سەعید/ فەرمانگەی التجهیز والدعم اللوجستی
کەربەلا: شەقامی المجمعات - شریط الصحة/ باڵەخانەی ئاسیاسێڵ/ بەڕێز أحمد کاظم عبد
موسڵ: الزهور/ دورة العبادي- بەشی المشتریات/ بەڕێز اشرف زکي ابراهیم
کەرکوک: شوارع/ ڕێگای هەولێر بەرامبەر نەخۆشخانەی کەرکوکی نوێ - ئۆفیسی بەڕێز دلێر چالاك/ نهۆمی سێیەم
بەسرە: گەڕەکی الجزائر/ پشت ساردەمەنی سنبلە- ئۆفیسی بەڕێز اکرم محمد

تێبینی: پێویستە بەڵگەنامە داواکراوەکان بۆ تۆمارکردن پێش بەرواری 2020/1/15 بگات بە دەستمان.